# سەرکێشیەکانی شێرلۆک هۆلمز

## کتێبی پێنجەم



کتێبخانەی (PDF)


نووسەر

ئارثەر کۆنان دوێڵ

وەرگێر

مەدینە ئەحمەد

# سەرکێشیەکانی شێرلۆك هۆڵمز

نوسینی :-

ارثر کۆنان دوێڵ

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:-

مەدینە احمد

# هێمـــــــای چـــــوار

# میوانی شێرلۆک

بۆچەندین ساڵ لەگەڵ شێرلۆکی هاوڕێم لەیەک شوقەدا دەژیاین.

ناوم دکتۆر واطسۆنە، وەکو دکتۆر لەسوپای بەریتانیا لەئەفغانستان کارم کردووە، لەماوەی خزمەتەکەمدا سەردانی چەندین شوێنی سەرنج ڕاکێشم کردووە، چەندین سەرکێشیم بینیوە، ڕۆژێک گوللەیەک شانمی پێکا، برینەکەی قوڵ بوو چەندین مانگی ویست هەتاوەکو چاکبومەوە، لەناو ئازارو تادا خەریکبوو دەمردم، لەکۆتایدا بەخت یاوەرم بوو و باشبوم، بەڵام چیتر نەمتوانی بەردەوام بمو خانەنیشین بووم و گەڕامەوە ئینگلتەرا.

لەبەر ئەوەو لەلەندەن لەگەڵ شێرلۆکدا دەژیام ، ( ٢٢١ ب)، ناونیشانەکەمان بوو لەناوەڕاستی لەندەندا.

زۆر ئاسودەبووم لەگەڵ شێرلۆک، هاوڕێکەم پیاوێکی زیرەک بوو، بەناوبانگترین پشکنەری نهێنی بوو لە تەواوی بەریتانیادا، چارەسەری کەیسو کێشەکانی دەکرد.

کاتێک خەڵکی کێشەیەک یا چەڵەمەیەکی دەبوو ڕاستەوخۆ دەهاتن بۆلای شێرلۆک، هەندێک جاریش پۆلیس خۆی داوای یارمەتی لێدەکرد.

شێرلۆک تەنها گرنگی بەکەیسو کێشەی بریکارەکەی دەدا ئیتر گرنگ نەبوو بەلایەوە

هەزار بێت یاخوود دەوڵەمەند. کاتێک کاریدەکرد زۆر دڵخۆش بوو، گرنگترین ئامرازی ژیانی بوو.

بەیانیەک دانیشتبووم کتێبم دەخوێندەوە، شێرلۆکیش لەلای پەنجەرەی ژوری میوانەوە وەستا بوو، زۆر بەی کاتەکان سەرقاڵە، بەڵام ئەم بەیانیە زۆر بەدڵخۆشی دەرنەکەوت، نیگەرانی هاوڕێکەم دایگرتم.

- هۆڵمز، تۆچیتە ئەمڕۆ؟
- وەرە، وەرەو لەلای پەنجەرەکەوە ڕاوەستە واطسۆن، سەیری شەقامەکە بکە، ببینە لەندەن چەند سەرنجڕاکێشە ئەمڕۆ.

زستان بوو، تارادەیەک شەقام چۆڵبوو، هەموان لەبەردەم ئاگردانەکانیان لەماڵەوە بوون.

هۆڵمز بەنائارامییەکەوە گوتی:- پێویستیم بەکارە واطسۆن، ناتوانم بەبێ کەیسەکان بژیم، کارەکەمم خۆشەوێ هەر ئەو هۆکارەش وای لێکردم ببم بەپشکنەری تایبەت، بەچالاکی دەمهێڵێتەوە، بەڵام ئەگەر هیچ شتێک نەبێ چارەسەری بکەم-ااەەەەەە، ژیانم زۆر بێماناو بێزارکەر دەبێ.

بەخەمبارییەوە لەپەنجەرەکەوە دوور کەوتەوە.

لەوساتەدا گوێبیستی تەقەی دەرگاکەمان بووین، سەرپەرشتیاری خانوەکە خۆی کرد بەژورا، کارتێکی بچوکی سپی لەسەر سینیەکی زیوی پێبوو، شێرلۆک کارتەکەی هەڵگرت.

بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی:- خاتوو ماری مۆرستان، هیچ ناوێکی لەو شێوەیە ناناسم، تکایە

ڕێگەی بەبێتە ژورەوە، لەوەیە بریکارێکی نوێ بێت.

دوای کەمێک خانمێکی پرچ زەردی چاو شین باڵای زۆر بەرز نەبوو خۆی کرد بەژورا، جلەکانی مۆدێلانە نەبوو، بەڵام ڕێکو پاک بوو، ڕوخسارێکی شیرینی هەبوو، تێبینی خەمباریم کرد بەڕوخسارییەوە.

شێرلۆک بەڕێزەوە گوتی:- تکایە خاتوو ماری دانیشە. ناوم شێرلۆک هۆڵمزە ، ئەمەش دکتۆر واطسۆنە، هاوڕێیەکی خۆشەویستی منەو چەندین جار کاری لەگەڵ کردووم.

خانمە گەنجەکە:- زۆر خۆشحاڵم بەبینینتان،

دواتر بەچاوە پڕ سۆزەکەیەوە ڕووی لەشێرلۆک کرد.

- بەڕێز شێرلۆک، بیستومە یارمەتی خەڵکی دەدەی لەچارەسەر کردنی کێشەکانیان و ئامۆژگاریان دەکەی، خانمێکی دەوڵەمەند نیم بەڵام هیوادام یارمەتی منیش بدەی، شتێکی سەیرو نامۆ رویداوە، بەڕێز شێرلۆک. پێویستیم بەیارمەتیە.



## چیرۆکی خاتوو مۆرستان.

هۆڵمز بەجۆشو خرۆشییەکەوە دەستەکانی لەیەک ئاڵاندوو، لەپێشەوەی کورسیەکە لاربووەوەو دانیشت.

شێرلۆك:- چیرۆکەکەتمان پێ بڵێ ؟

خاتوو مۆرستان دەستی کرد بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەیو ئێمەش زۆر بەتامەزرۆییەوە گوێمان بۆ شل کردبوو.

- باوکم، لەسوپادا کاپتن بوو، کاتێک بچوک بووم باوکم بۆهیندستان ڕەوانە کرا، دواتر دایکم کۆچی دوایی کرد، منیش نێردرام بۆقوتابخانە چونکە هیچ خزمێکم لێرە نەبوو.
تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو،کاتێک نامەیەکم لەباوکمەوە پێگەشت تێیدا نوسیبووی هیند

بەجێ دەهێڵێیو دەگەڕێتەوە بۆئینگلتەرا، داوای لێکردم چاوم پێی بکەوێ، ناونیشانی هۆتیلەکەشی لەلەندەن بۆنووسیبووم.

زۆر دڵخۆش بووم بەوەی جارێکی دیکە چاوم بەباوکە خۆشەویستەکەم دەکەوێ، ڕۆشتم بۆناونیشانەکەو پرسیاری کاپتن مۆرستانم کرد، باوکم، بەڵام بەڕێوبەری هۆتیلەکە پێی گوتم شەوێک پێش ئەوەی تۆبێیت ڕۆشتو وەو نەگەڕاوەتەوە.

بەدرێژایی ڕۆژو شەو چاوەڕێی باوکم بووم بەڵام دەرنەکەوتەوە لەهۆتیلەکە.

لەکۆتایدا بڕیارم دا بڕۆم بۆبنکەی پۆلیس، ئەوانیش هەواڵی کاپتن مۆرستانیان لەڕۆژنامەکان بڵاوکردەوە، بەڵام بێ هودە بوو، هەرگیز باوکە خۆشەویستەکەم نەبینیوە.

خاتوو مۆرستان دەستی بەگریان کرد.

هۆڵمز تیانوسەکەی دەرهیناو (**تێبینی نوسین**)، پرسیاری لەخاتو مۆرستان کرد :- بەرواری ونبونەکەی باوکت کەی بوو؟

- ٣ ی کانونی دووەمی ١٨٧٨ نزیکەی دەساڵ پێش ئێستا.
- چی بەسەر شتومەکەکانیدا هات؟
- هێشتا لەهۆتیلە، سندوقەکە چەند پەرتوکێکو جلوبەرگێک لەگەڵ هەندێک ئامرازی وێنەکێشان و خشڵی تێدا بوو لەدورگەی ئاندمان ەوە.

دکتۆر واطسۆن:- دوورگەی ئاندمان چییە؟

- گروپێکی بچووکە لەدوورگەیەک لەنزیک کەناری هیندەوە، گرتووخانەیەکە لەیەکێک لەدوورگەکان باوکیشم یەکێک بووە لەبەرپرسانی گرتووخانەکە، بۆچەندین ساڵ لەوێ کاری کردووە.

شێرلۆك:- باوکت هیچ هاوڕێیەکی هەیە لەلەندەن؟

- تەنها یەک کەس- مەیجۆر شۆڵتۆ، ئەویش یەکێک بووە لەبەرپرسانی گرتووخانەکە.
پێش ماوەیەک لەونبونی باوکم میجۆر شۆڵتۆ، خانەنشین بوو، لەلەندەن دەژیا، بێگومان منیش ڕۆشتم بۆبینینی. بەڵام ئەو نەیدەزانی کەباوکم گەڕاوەتەوە بۆئینگلتەرا.

بەسەرهاتێکی سەرنج ڕاکێشە خاتوو ماری ، دووبارە دەستەکانی لەیەک ئاڵاندوو گوتی:- تکایە بەردەوام بە خاتوو ماری.

- چوارساڵ دوای ونبوونی باوکم، خاتوو ماری بەردەوام بوو، چاوم بەبڵاوکراوەیەک کەوت لەڕۆژنامەیەک، بەروارەکەی ٤ی مایسی ١٨٨٢ بوو.
بڵاوکراوەکە داوای ناونیشانی ماری مۆرستانیان کردبوو، دەیگوت ئەگەر ناونیشانەکەم بڵاوبکەمەوە چەند هەواڵێکی خۆشم پێدەگا.
- تۆ چیت کرد؟
- منیش ناونیشانەکەم لەهەمان ڕۆژنامە بڵاوکردەوە، ڕۆژی دواترسندوقێکی بچوکم پێگەشت، لەناویدا مرواریەکی جوانی تیابوو، لەوکاتەوە پێنج مرواری دیکەم پێ گەشتووە،

هەموو ساڵێک لەهەمان بەروار دەینێرن، سەیرکە!

سندوقێکی لاکێشەیی تەختەیی بۆکردینەوە شەش مرواری جوانی پیشان داین.



هۆڵمز:- لەگەڵ مرواریەکان هیچ نامەیەکی لەگەڵ بوو؟

- هیچ شتێکی لەگەڵ نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بەیانی سەیرترین شتم بەسەرهاتو ڕویدا، لەبەر ئەم هۆش هاتم بۆبینینت، نامەیەکم پێگەشت، تکایە بیخوێنەوە؛

هۆڵمز:- سوپاس، دواتر نامەکەی ئاڕاستەی منکرد.

لەندەن

١٧ی تشرینی دووەمی ١٨٨٧

ئازیزەکەم خاتو مۆرستان

ئەمشەو کاتژمێر حەوت لە شانۆی لایسیوم بە، لەبەردەم دەروازەکە لەلای دەستە چەپەوە بۆستە، ئەگەر دەشترسی دوو هاوڕێ لەگەڵ خۆت بێنە، بەڵام بەپۆلیس مەڵێ.

هۆڵمز بازێکی دا.

ئەبێ ئەمشەو بڕۆین بۆشانۆی لایسیوم — هەرسێییەکمان منو تۆو دکتۆر واطسۆن، دێیت وایە واطسۆن؟

- بێگومان زۆر دڵخۆش دەبم.

لەناخی دڵمەوە ئەو قسەیەم دەکرد، ئەمویست یارمەتی خاتوو مۆرستان بەم.

خاتو مۆرستان:- ئێوە زۆر بەخشندەن، لەوکاتەوەی باوکم ونبووە هیچ هاورێیەکم نیە داوای یارمەتی لێبکەم، لەچ کاتێدا بڕۆین؟

- ئێستا کاتژمێر سێو نیوە، کاتژمێر شەش بگەڕێوە بۆئێرە، مەشترسە ئێمە یارمەتیت دەدەین و چاومان بەهاوڕێ نەناسراوەکەشت دەکەوێ، هەوڵیش دەدەین ئەم کێشەیەت بۆچارەسەر بکەین.

خاتوو مۆرستان:- سوپاستان دەکەم، زەردەخەنەیەکی کردوو ئێمەی بەجێ هێشت.

دکتۆر واطسۆن:- چ خاتونێکی شیرینە.

هۆڵمز:- دەڕۆمە دەرەوە، لەماوەی کاتژمێرێکا دەگەڕێمەوە.

کاتێک هۆلمز ڕۆشت لەتەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتم و هەولمدا کتێب بخوێنمەوە، بەڵام بەردەوام بیرم لەلای خاتوو مۆرستان بوو، هیوام دەخواست بتوانین یارمەتی بدەین.

## چاوپێکەوتنێکی نامۆ.

بەدڵخۆشییەکی زۆرەوە هۆلمز کاتژمێر پێنجیو نیو گەڕایەوە ماڵەوە.

کوپێک چام پێداو بەدەم کوپەکەوە گوتی:- سەرکەوتنێکی گەورەم بەدەست هێناوە واطسۆن.

بەئەبڵەقییەوە گوتم:- هەرلەئێستاوە چارەسەرت کرد؟

- نا، نا، شتێکی زۆر سەیرم دۆزییەوە، خاتوو مۆرستان گوتی کە باوکی هاوڕێیەکی خۆشەویستی هەبووە، لەهیندستان ناوی میجۆر شۆڵتۆیە.
- بەڵێ ، خانەنیشینی سوپابوو، کاتێک کاپتن مۆرستان دیار نەمابوو ئەو لەلەندەن دەژیا، بەڵام نەیدەزانی کە کاپتن گەڕاوەتەوە بۆئینگلتەرا .
- باش، ئێستا لەنوسینگەی ڕۆژنامەی تایمز بووم، سەیری کۆپیەکانی ڕۆژنامەکەم دەکرد لەئەرشیف، بینیم میجۆر شۆڵتۆ لە ٢٨ ی نیسانی ١٨٨٢دا مردووە.
- لەوەیە من زۆر گەمژە بم بەڵام ئەمە خاڵێکی سەیرە.

- گوێبگرە، کاپتن مۆرستان ونبووە، تەنها یەک هاوڕێشی هەبووە لەلەندەن، میجۆر شۆڵتۆ، بەڵام ئەو وتبووی نەیزانیوە کەکاپتن گەڕاوەتەوە. دوای چوار ساڵ میجۆر لە ٢٨ ی نیسانی ١٨٨٢ دامردووە، دوای چەند ڕۆژێک لە ٤ ی مانگی پێنجی ١٨٨٢ کچەکەی کاپتن مۆرستان ، ئاگادارکردنەوەیەکی لەڕۆژنامە بینی، دواتر هەدییەکی گران بەهایی پێ گەشتووە، ئەو هەدییەش هەموو ساڵێک دێت، بۆچی لەورۆژەدا دێت؟ ئەبێ شتێکیان لەگەڵ مردنەکەی شۆڵتۆ کردبێت؟
- بەڵام شۆڵتۆ پێش شەش ساڵ مرد؟ بۆچی خاتوو مۆرستان ئەمڕۆ نامەکەی پێگەشت؟ دوای شەشە ساڵ؟ نامەکە بەڕاستی بووە لە قسەکانی؟ ئەبی مانای چی بێت؟

هۆڵمز زۆر بەجدی گوتی :- هیوادارم ئەمشەو وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەسبکەوێت واطسۆن. تۆئامادەی کاتژمێر شەشە؟ ئەوەتا خاتوو مۆرستانیش گەشت.

خاتوو مۆرستان خۆی کرد بەژورا، پاڵتۆیەکی ڕەشو کڵاوێکی ڕەشی پۆشیبوو، ترساو دەرنەکەوت بەڵام ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو.

کڵاوەکەموو گۆچانە بەکێشەکەم هەڵگرت، هۆڵمزم بینی دەمانچەکەی لەگیرفانی نا.

گالیسکەیەکمان بەکرێ گرت، ئەوەندەی نەبرد خۆمان لەسەر ڕێگای شانۆی لایسیوم بینەیەوە، لەگالیسکەکەدا خاتو مۆرستان لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی لەگیرفانی جانتاکەی دەرهێنا، گوتی:-

بەڕێز هۆڵمز لەیادم کردبوو ئەمەت پێ نیشان بدەم، لەشتومەکەکانی باوکم بینیمەوە، شتێکی سەیرە، هیچی لێ نەگەشتم، لەوەیە زۆریش گرنگ نەبێ بەڵام وویسم تۆبیبینیت.


هۆڵمز زۆر بەئاگاییەوە کاغەزەکەی کردەوەو لەسەر ئەژنۆکانی بڵاوی کردەوە، زەڕەبینەکەی گیرفانی دەرهێناو بەوردی لێی دەکۆڵییەوە.

- لەهیندستان دروستکراوە سەیریکە واطسۆن.

بەئاگاییەوە پەڕەکەم برد، کاغەزێکی تەنکی کۆن بوو. وێنەیەکی تێدا کێشرابوو.

واطسۆن:- لەنەخشەی بینایەکی گەورە دەچوو، کەسێک ئاماژەیەکی کێشابوو، بەدڵنیاییەوە مەبەستی دەرخستنی شوێنێک بووە.

بەڵام ئەم نوسینانە چین لەژێرەوەی نوسراوە؟ ئەمە چییە؟ هێمای چوار چییە؟



*هــۆڵمز:- تێنــاگەم ئەم تێبینـــیە ئەبــێ چـــی بگەیەنـــێ؟ بەڵام ئەکرێت گرنگ بێت لای خۆم هەڵی دەگرم.*

*هــۆڵمز پاڵیــدایەوە گالیســکەکە، منــو خــاتوو مۆرســتان پــێکەوە دەدوایــن بەڵام هــۆڵمز کــپ بــوو، دڵنیــا بــووم خەریکی بیرکردنەوەیە.*

*ورده ورده تاریــک دادەهــات خەڵکـــی بەپەلە لەکــارەوە دەگەڕانەوە مــاڵەوە. هەســتم بەکەمێــک تــرس دەکــرد، لەخــۆمم دەپرســـی ئەبێــت چ کەسێک لەهــۆڵی شــانۆی لایسیوم ببینین؟*

*خەڵکێکـــی زۆر لەدەرەوەی هــۆڵی شــانۆیەکە بــوون، هەمــوان چاویــان بەهاوڕێکانیــان دەکەوتــو دەڕۆشــتن بــۆبینینی شــانۆیی. نــامەکە بەئــێمەی گوتبــوو لەدەرەوە لای چەپەوە بوەســتین. لەچاوڕوانیــدا بــوین. لەناکــاو پیــاوێکی ڕەش پێســت **( هیــوادارم بەڕەگەز پەرســت نەیبینــین تەنهــا وەرگێــڕانەکەم بــۆکردووە، خــودی خــۆم دژی ڕەگەز پەرســتیم، وەرگێــڕ.)**، ی بچــووک دەرکەوت.*



- ئایا تۆ خاتو مۆرستانو هاوڕێکانین؟
- بەڵێ.
- دەبێ سوێندم بۆبخۆی کەئەم دوو پیاوە پۆلیس نین؟
- پۆلیس نین.
- کەواتە وەرە لەگەڵم.

بەخێرایی ڕێنوێنی ئێمەی کرد بۆئەو بەری شەقامەکەو دەرگای گالیسکەیەکی بۆکردینەوە ، سواری گالیسکەکە بوین. پیاوەکە دەرگاکەی داخستو خۆی هەڵدایە شوێنی دانیشتنی شۆفێری گالیسکەکە، ئەسپەکە بەخێرایی بەڕێ کەوت.

ئەوەندە دوور کەوتینەوە و شەقاممان بڕی تاوەکو ونبووم ، نەمدەزانی کەبۆ کوێ دەڕۆین.

زۆر پەشۆکاوبووم، ڕوخساری خاتو مۆرستانیش سپی ببوو، شێرلۆکیش زۆر کپ بوو. شۆفێرەکە نەقسەی لەگەڵ کردین نە ئاوڕشی دایەوە. تاکە دەنگ کەدەمان بیست شوێن پێی ئەسپەکان بوو.

لەکۆتایدا گەشتین. خۆمان لەبەردەم ماڵێکدا بینیەوە لەشەقامێکی تاریکی بێدەنگدا. تەنها یەک ڕووناکی دەهات ئەویش لەپەنچەرەی چێشتخانەکەوە بوو، هیچ ڕوناکیەکی تر لەهیچ ماڵێکی دیکەی بەدی نەدەکرا.

لەدەرگاکامان داو یاکسەر درگاکە لەلایەن خزمەتکارێکی هیندییەوە کرایەوە، توربانێکی زەرد لەگەڵ جلێکی سپی و پشتوێنێکی زەردی پۆشیبوو، شتێکی سەیر بوو جلوبەرگێکی وا ڕەنگاو ڕەنگ لەشەقامێکی وابێدەنگ ببینی.

خزمەتکارەکە:- گەورەم چاوەڕێتانە.

لەناکاو دەنگێک لەیەکێک لەژوورەکانەوە دەهات دەیگوت:- ئەوانە بێنن بۆلام، ڕاستەوخۆ بۆلای من.

## مردنی مەیجۆر شۆڵتۆ.

خزمەتکارەکە ڕێنوێنی کردین بەرەوماڵەکە، لەبەردەم دەرگایەکی کراوەدا وەستا.

کاتێک ڕۆشتینە ژورەوە واق بووم ئەو ژوورەوەی ئێمەی لێ وەستابوین پڕبوو لەوێنەو خشڵی هندی. مافورەکەش کەڕاخرابوو زۆر نەرمو ئەستوور بوو، بەدیوارەکەشا پێستی دوو پڵنگ هەڵواسرابوو.

لەناوەڕاستی ژوورەکە پیاوێکی بچووکی کەچەڵی لێبوو، پێدەکەنی بەڵام دیاربوو نیگەرانە.



- ناوم ثیادیوس شۆڵتۆیە، بێگومان تۆ خاتوو مۆرستانی ئەم دوو بەڕێزەش ........؟
- بەڕێز شێرلۆک و دکتۆر واطسۆنە؛

شۆڵتۆ بەهاوارەوە گوتی:- دکتۆر، ئەتوانی گوێ لەدڵم بگری؟ زۆر نیگەرانی دڵمم؛

گوێم لەترپەی دڵی گرت، بەڵام هیچ کێشەیەکی نەبوو.

- دڵت هیچ کێشەیەکی نییە.
- زۆر دڵخۆشبووم بەبیستی ئەوە، خاتوو مۆرستان باوکت دڵێکی لاوازی هەبوو، ئەگەر دڵێکی بەهێزی هەبوایە ئەمڕۆ لەژیاندا ئەبوو.

خاتوو مۆرستان خۆی بۆنەگیرابەپێوەو دانیشت، ڕەنگی بۆسپییەکی تەواوەتی گۆڕا،

- هەرزانیم کەمردووە.تکایە پێم بڵێ بۆچی ئێمەت هێناوە بۆئێرە؟

پیاوە بچوکەکە دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد؛

باوکم،میجۆر شۆڵتۆ، مەیجۆر(( رائد)) بوو لەسوپای هیندستان. پێش ١١ ساڵ خانەنشین کرا، خانویەکی لەباکوری لەندەن کڕی ناوی لێنا ( پۆندیچیری لۆدج)، منو بارثۆلۆمیوی برام، تاکە منداڵی ئەو بوین. دەمانزانی کاپتن مۆرستان ، باوکت، لەگەڵ باوکم دوو هاوڕێی نزیکی یەکبوون لەهیند.

کاتێک زانیمان کاپتن مۆرستان ونبووە، زۆر پێی دڵگران بوین.

منــوبراکەم دەمــانزانی بــاوکم لەشــتیک دەترسێت .قەت نەبــووە بەتەنهــا ڕۆشــتبێتە دەرەوە، جــار جــار باســی پیــاوێکی قــاچ دارینــی دەکــرد ( ئەوانەی کەقاچێکیــان نــیەو قاچێکیــان لەدار بۆدروســت دەکــردن)، کەدوای کەوتووە، وادەرەکەوت کەزۆر لێی دەترسا.

هۆڵمز:- پێی نەوتی بۆچی لێی دەترسا؟

- نا، هەرگیز باسی نەکردووە.

بەردەوام بوو لەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی.

لەڕۆژێکــــی ســــاڵی ١٨٨٢ ، بــــاوکم نــــامەیەکی لەهیندســتانەوە پــێ گەشــت، نــامەکە زۆر نــاڕەحەتی کــرد، نەخــۆش کەوت. هەمــوو ڕۆژێــک لاوازتــر دەبــوو، لەکــاتی ســەرەمەرگدا داوای بینینــی منــو براکەمــی کــرد، کاتێــک ڕۆشــتینە ژورەکەی داوای لێکــردین دەرگــاکەش دابخەیــن و نزیکــی جێگــاکەی ببینیــنەوە، دەســتەکانی ئــێمەی گوشــیو قســەی بــۆدەکردین. پێــی گــوتین دەیەوێــت ڕاســتییەک سەبارەت بە مردنی کاپتن مۆرستانمان پێ بڵێ.

ئەو تاکە کەس بوو کە ئەم نهێنیەی دەزانی.

کاتێــک بــاوکم لەگەڵ کــاپتن مۆرســتان لەهینــد بــوو، گەنجینەیەکــی گرانبەهایــان دۆزیبــووە، بەگەنجیــنەی ئەگــرای گەورە نــاودەبرا، خشــڵەکانی نــاوی زیــاتر لەملیۆنێــک پاوەنــدی دەکــرد. بــاوکم گەنجیــنەکەی ئەگــرای هێنــایەوە بــۆئینگلتەرا. مۆرســتانیش دوای بــاوکم کەوتبــوو هــاتبووە مــاڵەوەو پرســیاری بەشــەکەی خــۆی کردبــوو، بەڵام گەنجیــنەکە بــاوکمی چڵــێس کردبــوو نەیدەویســت هیچــی پــێ بــدا، ئەیویســت هەمــووی بۆخــۆی بێــت. کــاپتن مۆرســتانیش بەوە

توڕەبوو بوبە بەمشتومڕیان، باوکم زانیبوی کەدڵی کاپتن لاوازە لەناکاو دەبینێ ڕەنگی کاپتن مۆرستان بەتەواوی گۆڕاوە، باوکم بینی کەمۆرستان گیانی سپاردووە. ئەو نەیدەزانی کەدەبێ چی بکات ئەومۆرستانی نەکوشتبوو.

بەڵام لەوە دەترسا کەخەڵك پێیان وابێت کەئەو کوشتویەتی، بڕیاری دا کەکپ بێت لەهەمبەر ئەم ڕووداوەدا، جەستەکەشو گەنجینەکەشی شاردەوە.

هەرزوو هەواڵی مردنی مۆرستان لەڕۆژناماکاندا بڵاوبویەوە. تەنها باوکم لەڕاستی ونبونی کاپتن ئاگاداربوو. دانی پێدا دەنا کە لەوکاتەدا بووە بەکەسێکی چڵێسو چاوبرسی، ئەو باجی گەنجینەکەی بەخەمو پەژارە دایەوە، دواتر گوتی کاپتن مۆرستان کچێکی بەناوی ماری هەیە داوای لێکردین بەئاگاییەوە گوێی لێی بگرین، لەوساتەدا گۆڕانێکی خراپ بەسەر ڕوخساری باوکمدا هات، ئاماژەی بۆپەنجەرەکە دەکردو بەدەنگێکی پڕ ئاگرینەوە دەیگوت:- دوری خەنەوە ...باڵەدەرەوە بێت.

منو براکەشم سەیری پەنجەرەکەمان کرد، پیاوێکی سامناکمان بینی ، ڕیشی هەبوو چاوەکانی لەکەسێکی دڕەندە دەچوو. هەتا ئێمە ڕۆشتینە لای پەنجەرەکە پیاوەکە نەما، کاتێک گەڕاینەوە لای باوکم مردبوو.

هۆڵمز:- دواتر چیت کرد؟

- ڕامانکرد بەرەو باخچەکە سەیری هەموو شوێنێکیشمان کرد بەڵام هیچمان نەدۆزیەوە،

سـپێدەکەی ڕۆشـتین بـۆژوورەکەی بـاوکم ، دەرکەوت لەشـەودا کەسـێک لەژورەکەی بـاوکم بووە.



چەنـد پـارچە کاغەزێـک لەسـەر جێگـاکە بـوو لەگەڵ جەسـتەی باوکمـدا. چەنـد وشـەیەکی لـێ نوسـرابوو. وشەکانیش **هێمای چواری** لەخۆدەگرت.

**گەنجینە گەورەکەی ئەگرا.**

منـو هـۆڵمزو خـاتو مۆرسـتان بەسەرسـامییەوە لەیەکمان دەڕوانی.

جەستەم هەستی بەسەرما دەکرد لەگەڵ ئاگرەکەدا.

هـــۆڵمز:- ئەوەهەمـــان هێمـــاو هەمـــان وشـــەیە کەلە شتومەکەکانی کاپتندا نوسراوە.

بەچپەیەکەوە گوتم:- ئەبێ مانای چی بێ؟

خـــاتو مۆرســـتان ئـــاوڕی دایەوە بەرەو لای بەڕێـــز شۆڵتۆو گوتی:- بۆچی مرواریەکانت بۆناردم؟

- لەســـەر مێـــزەکە لەتەنیشـــت جێگـــاکەی بـــاوکم کوپێـــک ئـــاڵتونی لێبـــو، بەشـــێک بـــوو لەگەنجینـــەی ئەگـــرا، بـــاوکم دەیویســـت گەنجینـــەکەت لەگەڵ بەش بکەیـــن. ئـــێمەش ناونیشـــانەکەی تۆمـــان دۆزیـــیەوەو مرواربییەکانمـــان یەک لەدوای یەک دەنارد.
- بەخشندەییەکی گەورە بوو لەتۆوە بەڕێز شۆڵتۆ.
- هەرگیـــز، ئێســـتا شـــتێکی دڵخۆشـــترت پـــێ دەڵـــێم، دوێنـــێ بـــراکەم گەنجینـــەکەی ئەگـــرای دۆزیـــیەوە، لەبەر ئەم هـــۆ نامەمـــان بۆنـــاردی خـــاتوو مۆرســـتان. گەنجینەکەمـــان دۆزییـــوە نیوەشـــی هـــی تۆیە.

هۆڵمز:- گەنجینەکە لەکوێیە ئێستا؟

- مـــاڵەکەی بـــاوکم، پۆنـــدجیری لـــۆدج، ئێســـتا بـــراکەم لەوێ دەژی . ئەبـــێ هەر ئێســـتا بـــڕۆین بۆئەوێـــو خـــاتو مۆرســـتانیش بەشـــەکەی خـــۆی ببـــا. بـــارثۆلۆمیۆ چاوەڕوانمـــان دەکـــات. خـــاتو مۆرستان ئەمشەو دەبیە خانمێکی دەوڵەمەند.

خـــاتو مۆرســـتان دەبـــووە کەســـێکی دەوڵەمەنـــد. ئەبـــوایە زۆر دڵخـــۆش بومـــایە بەڵام هـــیچ هەســـتم بەخۆشـــی نەدەکـــرد، هەســـتم بەخۆشەویســـتی دەکـــرد بەرامـــبەر

خـــاتو مـــاری. ئەگەر دەوڵەمەنـــد بـــوایە نەمـــدەتوانی داوای هاوسەرگیری لێبکەم چونکە پارەم کەمبوو.

ثـادیوس شـۆڵتۆ پـاڵتۆکەی لەبەرکـردوو گـوتی: وەرە، گالیسـکەیەک بۆپۆنـدیجیری لـۆدج، چاوەڕێمـانە بـادوا نەکەوین.

ڕێگـــایەکی درێـــژ بـــوو بـــۆ پۆنـــدجیری لـــۆدج، مانگەشــــــەوێکی ســــــاردبوو، هەرکەســــــواری گالیســـــکەکەبوین بەڕێـــــز شـــــۆڵتۆ، بەردەوام بـــوو لەقسەکردن، ئێمەش گوێمان بۆشل کردبوو.

بـــراکەم بـــارثۆلۆمیۆ، پیـــاوێکی زۆر زیـــرەکە، گـــوتی دەبێـــت گەنجیـــنەکە لەشـــوێنێک لەم مـــاڵە بێـــت، بیرۆکەیەکـــی بۆهـــات، پێـــوانەکەی مـــاڵەکەی لەدەرەوە کـــرد ٣٧ پـــێ بەرزبـــوو، دووبـــارە پێـــوانەی مـــاڵەکەی کـــردووە بەڵام بەشـــێوەیەکی جیـــاواز لەنـــاوەوە پێـــوانەی ژوورەکـــانی کـــرد بەڵام ئەمجـــارە جیـــاوازبوو کـــورت بـــوەوە بـــۆ ٣٠ پـــێ ، لەســـەربانەکە مەودایەکـــی زۆرتـــری لێبـــوو، بـــراکەم چـــاڵێکی لەژووری ســـەرەوە لەبنمـــیچەکەی هەڵکـــۆڵی، ژورێکـــی نهێنـــی دۆزیـــیەوە وبینیمـــان گەنجینەکەشـــی لێـــیە، دوێنـــێ شـــەو پـــێکەوە ســـندووقەکەمان هێنـــایە دەرەوە کلیلێکیشـــی لەگەڵا بـــوو بەهۆیەوە توانیمان سندووقەکە بکەینەوە.

ثـــــادیۆس دەنگـــــی خۆشـــــحاڵیەکەی زۆری لێـــــوە دەهات.بەردەوام بو لەگێڕانەوە.

لەنێـــو ســـندوقەکەدا هەزاران خشـــڵو ئەڵماســـو یـــاقوتی ســـورو شـــینی تێـــدابوو. خـــاتوو مۆرســـتان، بڕوانـــاکەی چەنـــــد درەوشـــــاوەبون ئەوەنـــــدە درەوشـــــاوەبوون

چاوکـــانی ئـــازار دەدا، بەڕاســـتی گەنجینەیەکـــی ســـەرنج ڕاکێشە، بەم زوانە بەچاوەکانی خۆت دەیبینی.

لەکـــاتژمێر یـــانزە نزیـــک ببـــوینەوە، پۆنـــدجیری لـــۆدچ، مـــــاڵێکی گەورەبـــــوو، بەدیـــــواری زۆر بەرز دەورە درابـوو، جـگە لەمانگەشـەو هـیچ ڕونـاکیەکی تـر بەدی نەدەکرا.

ثـــادیۆس شـــۆڵتۆ بەپەشـــۆکاوییەکەوە گـــوتی:- زۆر ســـەیرە؛ تێنـــاگەم بـــۆچی هـــیچ ڕونـــاکیەکی لـــێ نـــیە، براکەم چاوەڕوانی ئێمەیە، بەڵام ماڵ تاریکە.

بەرێ کەوتـــین بۆمـــاڵەکە لەپـــڕ دەنگـــی گریـــانی ئافرەتێک دەهات لەماڵە تاریکەکە.

شـــۆڵتۆ:- تـــاکە ئـــافرەت لەمـــاڵەکە سەرپەرشـــتیاری خـــانوەکەیە ( مەبەســـت لێـــرەدا ئەو خانمـــانەیە کەکـــاری پـــاکردنەوە یـــاخود ئاگـــاداری ماڵەکانیـــان دەبـــن و سەرپەرشتیاری خزمەتکارەکانی دیکە دەکەن).



بەرەو ژوورەکە ڕۆشـــتینو لەدەرگامـــان دا، ئـــافرەتێکی بـــاڵابەرزی ڕەنـــگ ســـپی بەســـاڵاچوو دەرگـــاکەی کردەوە، ڕوناکیەکی بچوکیشی پێ بوو.

ئـــافرەتەکە:- ااەەەەە، بەڕێـــز شـــۆڵتۆ زۆر دڵخۆشـــم لێـــرەی، زۆر ترســـابووم، وەرە مـــاڵەوە. بەڕێـــز ثـادیۆس زۆر دڵخۆشـم لێـرەی. شـتێکی خـراپ بەسـەر براکەتندا هاتووە!!

## کوشتنێکی دڕندانە

ثـــادیۆس لەگەڵ ئاگرەکەیـــا دەلەرزی، ڕوخســـاری سپی هەڵگەڕابوو.

شـــۆڵتۆ:- مەبەســـتت چیـــیە؟ بـــراکەم چـــی بەســـەر هاتووە؟!

- بەدرێژایـــی ڕۆژ لێرەبـــوو خـــۆی بەنـــد کردبـــوو، کاتێـــک لەدەرگـــام دەدا هـــیچ وەڵامـــی نەبـــوو، دڵنیـــا بـــووم شـــتێک هەیە. کەمێـــک پـــێش ئێســـتا، ڕۆشـــتمە ســـەرەوە لەکـــونی قفـــڵەکەوە ســـەیری ژوورەکەم کـــردو بـــراکەتم بینـــی، بـــراکەت خـــراپ دیـــاربوو، باشترە خۆت بڕۆیتو ببیینی.

سەرپەرشـتیاری مـاڵەکە دووبـارە دەسـتی بەگریـان کردەوە.

مـاری:- پێویسـتە ئێـوە بـڕۆنەوە سـەرەوە مـن لێـرە دەبم و چاودێری ئەم خانمە بەستەزمانە ئەکەم.

مـــاری وئافرەتەکەمـــان لەخـــوارەوە جێهێشـــت، هـــۆڵمزیش ڕونـــاکیەکەی بەدەســـتەوە گرتـــو پـــێش

ئــێمەکەوت ئــێمەش بەدوایــدا ڕۆشــتین. ڕێڕەوێــک لەنهــۆمی ســــەرەوە بــــوو لەکۆتــــایی ڕێــــڕەوەکە دەرگــایەکی لێبــوو بەڕێــز شــۆڵتۆئاماژەی بۆدەرگــاکە کرد، بەچپەیەکەوە گوتی:- ئەوە ژوری براکەمە.

بەپەلە وەپــێش کەوتــین، هــۆڵمز دەســکی دەرگــاکەی بـــادەدا بەڵام بێســـــوود بـــوو داخرابـــوو، دواتـــر چەمیـــیەوەو لەکـــونی قفـــڵەکەوە ســـەیری کـــردو بەخێرایی هەستایەوە.

هــۆڵمز هــاواری کــردوو گــوتی:- ئــای خــوایە !! ئەمەکاری شەیتانە.

دوابەدوای شـــێرلۆك دانەویـــمەوەو ســـەیرم کـــرد، هەســـتم بەترســـێک دەکـــرد. مانگەشـــەو ڕاســـتەوخۆ لەژورەکەی دەدا. بەڕونـــــی دەمتـــوانی ڕووخســـاری ببیـــنم ڕاســـتەوخۆ ســـەیری نێوچـــاوانی دەکـــردم هـــیچ نەدەجـــوڵا زەردەخەنەیەکـــی ســـامناک بەڕوخســـاربیەوە بوو.

بەهۆڵمزم گوت:- ئەمە زۆر خراپە، چیبکەین؟

- ئەبێ دەرگاکە بشکێنین.

خۆمـــان کێشـــا بەدەرگـــاکەو لەپـــڕ دەرگـــاکە شـــکاو خۆمان لەژورەکەی بارثۆلۆمیۆ شۆڵتۆ بینیەوە.

مردبـــوو، لەســـەر کورســـییەک دانیشـــتبوو جەســـتەی ڕەقـــو ســـاردبوو، چەنـــد کاتژمێرێـــک دەبـــوو مردبـــوو، زەردەخەنەیەکی سامناک لەسەر ڕوخساری بوو.

پـــارچەیەک کـــاغەزیش لەتەنیشـــت جەســـتە دانرابـــوو، شێرلۆک هەڵی گرتوو خوێندییەوە.

شێرلۆک:- بڕوانە!

لەژێــر ڕوونــاکییەکە خوێنــدمەوە؛ هێمــای ژمــارە چواربوو.

واطسۆن:- ئەبێ ماناى چی بێت؟

هــۆڵمز:- مانــاى کوشــتارییە، ئامــاژەی بۆگــوێی بارثۆلۆمیۆ کرد؛ سەیرکە.

تەماشــام کــرد، بینــیم شــتێک نوســاوە بەپێســتی گــوێی کوژراوەکەوە!

واطسۆن:- لەدڕک ئەچێ.

هــۆڵمز:- ئەتــوانی دەری بێنــی بەڵام ئاگــادار بە ژەهراوییە.

بەپەنــچە گەورەکەمــو پەنجەیەکــی دیــکە دڕکەکەم بەئاســانی لە پێســتی دەرهێنــا. ســەیری دڕکەکەم کــرد دڕکێکی ڕەقو تیژبوو ژەهراویش کرابوو.

واطســۆن:- کەواتە بەمجــۆرە بــارثۆلۆمیۆ کــوژراوە، چ مردنێکــی ســاماناکە! بەڵام کــێ کوشــتویەتی؟ بــۆچی کوشتویەتی؟

ثــادیوس مــان لەبیرکردبــوو، هەر لەشــوێنی خــۆی لەلای دەرگــاکەوە وەســتابوو، لەناکــاو لەشــین و گریانکردن وەستا.

هــاواری کــردوو گــوتی:- گەنجیــنەکە نەمــا! گەنجینەکەیــان دزیوە.ســەیرکە! ئەوچــاڵە لەبنمــیچەکە ئەبینــین؟ دوێنــێ شــەو گەنجینەکەمــان لەوێــدا شــاردبووەوە،دواى ئەوەی یــارمەتیم دا لەگەنجیــنەکە. لێــرە ئەو و گەنجیــنەکەم بەجێهێشــت. کۆتــا کەســبووم بەزینــدویی بیبیــنم. هەرکە مــن هــاتمە خــوارەوە لەژوورەکە براکەشم دەرگاکەی داخست.

هۆڵمز:- کاتەکەی چەند بوو؟



- کاتژمێر دە بوو، ئێستا براکەم مردووە. گەنجینە گران بەهاکەش ونبووە.

# شوێن پێیە بچوکەکان

هـۆڵمز:- بەخێرایـــی بــڕۆ بــۆبنکەی پــۆلیس بانگیـــان بـــکە بـــۆئێرە. مـــن و واطســـۆنیش لێـــرە چـــاوەڕوان ئەبین.

ثـــــادیوس بەخێرایـــــی ڕۆشـــــت دەنگـــــی پێیەکانیمـــــان دەبیست کە بەرەو خوارەوە دەڕۆشت

هـۆڵمز:- واطسـۆن پـێش ئەوەی پـۆلیس بگـا منـــو تـــۆ کارمــــان هەیە بــــیکەین، ئەبــــێ بــــزانین کەدەرگــــاکە داخــــراو بــــووە بکــــوژەکە چــــۆن هــــاتۆتە ژورەوە؟ ئەی پەنجەرەکە؟

شێرلۆک بەوردی لەبنمیچەکەی دەڕوانی.

هــۆڵمز :- ســـەیرکە؛ کەســـێک لێـــرە هـــاتۆتە ژورەوە ئەوە شـــوێنەواری پێـــیە لەبنمیچـــی پەنـــجەرەکە. ئەوەش ئەوەتـــــــا هێمـــــــای ئەوەیە ســـــــوڕاوەتەوە، ئەمەش هێمــایەکی دیــــکەیە ســــەیرکە! شــــوێن پێەکــــی دیــــکە لەسەر زەوییەکە، سەیری مێزەکەش بکە واطسۆن.

ســـــەیری ئەو شــــوێنەم کــــرد کەشـــێرلۆك ئامــــاژەی بۆکردبـوو، شـوێن پـێ بـوو بەڵام شـوێن پێیەکـی خـڕی بچوک بوو.

واطسۆن:- ئەوانە شوێن پێ نین.

- نا، ئەوانە ئاماژەن بۆ قاچێکی دارین.
- کەسێکی قـاچ داریـن؟ هـۆڵمز ثـادیوس پێـی گـوتین باوکی لەکەسێکی قاچ دارین ترساوە.

- بەڵــێ، بەڵام بەتەنهــا نەبــووە. کەســێکی دیــکەش لەگەڵی بووە، سەیری دەرەوە بکە.

هەردووکمــــان ڕۆشــــتینە دەرەوە لای پەنــــجەرەکەو سەیری خوارەوەمان کرد.

هــۆڵمز:- ئێــرە زۆر بەرزە، پیــاوە قــاچ داریــنەکە ناتوانێــت بەتەنهــا ســەرکەوێت بــۆئێرە، دووکەس هــاتونەتە ئەم ژورە، ناویــان لــێ دەنێــین ژمــارە یەکــو ژمــارە دوو، ژمــارە دوو پیــاوە قــاچ داریــنەکەیە، ژمــارە یەکــیش ئەوی دیــکەیە بەڵام چــۆن هــاتۆتە ئێرە؟.

ســەیری دەوروبەری ژورەکەم کــرد، لەناکــاو وەڵامــی پرسیارەکەی هۆڵمزم دەسکەوت.

واطســۆن:- لەبنمیچــی ژورەکە چاڵێــک هەیە. ثــادیۆس گــوتی بــراکەم ئەم چــاڵەی دروســتکردووە، گەنجییــنە گەورەکەی ئەگــرا لەم ژورەدا شــاردرابوەوە، برایــانی شــاڵتۆ گەنجینەکەیــان خزانــدبووە و لاریــان کــردۆتە خــوارەوە بۆنــاو چــاڵەکە، لەچــاڵەکەدا پلیکــانەیەک کەبەگوریســێکی ١٨ پلیکــانەیی دروســتکراوە لەناویــدا بووە.

ئەکرێــت ژمــارە یەک ســەیری بنمــیچەکەی کردبێتــو چــاڵەکەی بینیبێــت، بــارتۆلۆمیۆی بینیــوە لەبنمــیچەکە، شــۆڵتۆی بەدرکێیکــی شــەهراوی کوشــتووە، دوایــش ئەکرێــــت گوریســــەکەی بردبێــــت. پەنــــجەرەکەی کــــردۆتەوەو گوریســــەکەی بۆخــــوارەوەی بــــاخچەکە هەڵــــداوە، هــــاوڕێکەی ژمــــارە دوو پیــــاوە قــــاچ داریــــنەکە، بەیــــارمەتی ژمــــارە یەک بەگوریســــەکە هــاتۆتە ســەرەوە. دواتــر گەنجینەکەیــان بەگوریســەکە

*شــۆڕ کــردۆتە خــوارەوە بــۆ بــاخچەکە. ژمــارە دویــش هەر بەگوریســـەکە هــاتۆتە خـــوارەوە، ژمـــارە یەکـــیش لەرێـــــگەی چـــــاڵەکە بـــــۆی دەرچـــــووە. **( لەوەیە خــوێنەری بەڕێــز بپرســێ بــۆچی ژمــارە یەکــیش هەر بەگــوریس نەڕۆشــتۆتە خــوارەوە. بــۆیە نەڕۆشــتوە بۆئەوەی ئاشکرانەبن).***

*- زۆر نایــابە واطســۆن. بائێســتا بڕۆینــو ســەیری شـــــوێنە نهێنـــــیەکە بکەیـــــن . لەوەیە زانیـــاری زیاترمان لەبارەی ژمارە یەك دەسبکەوێت.*

*بەســــەر پلیکانەکانـــدا ســــەرکەوتین ولەپــــڕ خۆمـــان لەژورێکـــی تـــاریکی بچـــوکی بـــێ پەنـــجەرە دۆزیـــیەوە، تەپوتـــــۆزێکی زۆری لێبـــــو لەســــــەر زەویـــــیەکە، گەنجیــــنەکە بەدرێژایــــی ئەوهەمــــوو ســـاڵە لەوێـــدا شاردرابووەوە.*

*شــێرلۆك:- بــڕوانە، دەرگـــایەکی بچـــوک لەســـەقفەکە هەیە، بەمجۆرە ژمارە یەک هاتۆتە ژورەوە.*

*دواتــــر شــــێرلۆک چــــــراکەی بەرەو خـــــــوارەوە بـــۆزەوییەکە شـــۆڕکردبووەوە. زەویـــیەکە شـــوێن پێـــی زۆر لێبـــو کەبەهـــۆی تەپوتـــۆزەکە وە زیـــاتر بەدەر دەکەوت. شوێن پێیەکی ڕون بوو.*

*بەڵام شــــوێن پێــــی کەســــێکی ئاســــایی نەبــــوو. لەڕادەبەدەر بچـــوک بـــوون، لەپـــڕ شـــتێک بەمێشـــکمدا هات.*

*بەچـــپەیەکەوە گـــوتم:- هـــۆڵمز!! منـــداڵێک ئەم کـــارە ترســـــناکەی کـــــردووە، هـــــۆڵمز وەڵامـــــی نەدامەوە ؛ هێشــــتا هەر وەســــتابوو بەدیــــار شـــــوێن پێیەکـــان ، لەکۆتایدا بەقسە هات.*

بەهێواشی گوتی:- نا، بڕواناکەم منداڵ بێت، سەیری شوێن پێیەکان بکە، سەیری پەنجە پێیەکان بکە. زۆر پانن، شوێن پێی منداڵ نیە، ئەوانە هی پیاون هی پیاوێکی گچکەن.



بەسەرسامییەوە گوتم:- مەبەستت ئەوەیە کورتەباڵا بێت؟

- پیشانتی دەدەم. باجارێکی دیکە بڕۆینە ژورەوە. باجارێکی دیکە لەدڕکە ژەهراوییەکە بکۆڵینەوە.

لەخوارەوەی ژورەکە دڕکەکەم هەڵگرتەوە، بەئاگاییەوە لەنێوان پەنجەکانم هەڵم گرتەوە، درێژو تیژبوون.

هۆڵمز:- ئێستاکە، ڕات چییە لەسەر ئەم دڕکە؟ دڕکێکی ئینگلیزییە؟

- نەخێر، بەدڵنیاییەوە نەخێر.
- ئەبینی، هەرلەئێستاوە زۆر شت مان بۆئاشکرا دەبێ لەسەر بکوژی ژمارە یەك. پیاوێکی بچوکە- بەواتایەکی دیکە کورتە بالایە- لەشوێنێکی نەزانراوە، کەسێکی بەهێزەو ئەتوانێ بەسەر بەرزاییدا سەرکەوێت بەئاسانی. لەرادەبەدەر ترسناکە. لەرێگەی درکی شەهراوییەوە خەڵکی دەکوژێت.

## پشکنەر جۆنزو بەندکردن

بەسەرسامییەوە گوتم:- چەند سەیرە! بۆچی ئەبێ پیاوێکی قاچ دارینو کورتەبالایەک پێکەوە کاربکەن؟ ئەوانە کێن هۆڵمز:- بۆچی بارثۆلۆمیویان کوشتووە؟

- بێگومان گەنجینەکەیان ئەویست، دوێنێ شەو بارثۆلۆمیۆ لێرە بوو، کورتە بالاکەش لەرێگەی دەرگای سەقفەکەوە هاتۆتە ژورەوە، زانیوێتی تاکە رێگە بۆبەدەست هێنانی گەنجینەکە کوشتنێتی.
- ئەی کاغەزەکە چی؟ ئەوەی هێمای چواری لەسەرە.
- مانای تۆڵە ئەداتەوە، بیرت بێت هێمای چوارەکەش لەتەنیشت جەستەی باوکی هەبوو. نازانم ئەم کەسە بۆئەیەوێت تۆڵە لەخێزانی شۆڵتۆ بکاتەوە؟ بەڵام دەزانین ئەم کەسە تۆڵەسەندنەوەو گەنجینەکەشی ویستووە، ئەوان

خۆیان ئامادە کردبوو بۆئەوەی شۆڵتۆی باوکو کوڕەکان بکوژن بۆئەوەی گەنجینەکە بەدەست بهێنن.

هۆڵمز سەرلەنوێ زەڕەبینەکەی دەرهێناو لێکۆڵینەوەی لەژورەکە دەکرد. لەکونجێکی ژورەکە چەند بوتڵێکو لولەی لێبوو.

بارثۆلۆمیۆ ئەبێ حەزی لەکیمیا بوبێت. لولەیەکی شوشەیی شکاو لەگەڵ شلەیەکی ڕەنگ تاریکیش ڕژابوە سەر زەویەکە. هۆڵمز هاوارێکی خۆشی کردو گوتی:- وەرە ئێرە واطسۆن، بۆنی چیەکەی؟

ڕامکرد، بۆنی شتێکی زۆر ناخۆش بەلوتمدا هات، بۆنەکە لەوشلە ڕەنگ تۆخەوە دەهات کەلەسەر زەوییەکەبوو.



- ئەوە شلەی زەیتە.

بۆنی کردوو دەستی خاوێن کردەوە.

- بۆچی ئەوەندە دڵخۆشی؟

هۆڵمز ئاماژەی بۆزەوییەکە کرد، بەڕوونی شوێن پێیم بینی، بۆم دەرکەوت کورتەباڵاکە لەناو شلە زەیتەکە هەنگاوی ناوە.

- سەگێک دەزانم حەزی لەم بۆنەیە، بۆچەندین میل دەتوانێ ئەم بۆنە بکات. هەرئێستا ئەم بکوژە دەگرین.

دەنگی پێ دەهات، ژاوەژاومان لەدەرەوە دەبیست.

هۆڵمز:- بێگومان ئەوە پۆلیسە.

لەکاتێدا ئێمە قسەمان دەکرد، پیاوێکی قەڵەوی سپی چاوبچوک کەقاتێکی ڕەساسی لەبەرا بوو خۆی کرد بەژورا، پێشتر ئەو پیاوە قەڵەوەم نەبینیبوو بەڵام واپێدەچوو شێرلۆک بەباشی بیناسێت.

هۆڵمز بەڕێزەوە گوتی:- ئێوارەت باش پشکنەر جۆنز، منت بیرە؟

پیاوە قەڵەوەکە وەستا. دیاربوو زۆر دڵخۆش نەبوو بەبینینی شێرلۆک.

پشکنەر جۆنز:- بۆچی نا؟ بەڵێ ، بێگومان. تۆپشکنەری تایبەت شێرلۆک هۆڵمزی، بەڵێ، بەباشی تۆم بیرە، تاوانێکی سەیرە. کەسێک کوژراوەو خشڵانێک بەبەهای ملیونێک پاوەنە دزراوە، پێت وایە چی ڕویداوە؟

هۆڵمز:- لەڕاستیدا..........

بەڵام پشکنەر جۆنز نەیەویست گوێ بۆهاوڕێکەم بگرێ، پێی وابوو بیرۆکەکەی خۆی باشترە.

بەڕێزەوە گوتی:- گوێبگرە هۆڵمز ڕای خۆم دەڵێم، بەڕێز ثادیۆس پێی گوتم دوێنێ شەو لەگەڵ براکەیدا

بــووه، پــێکەوه گەنجینەکەیــان دۆزیــوەتەوه، کۆتــا کەسـبووه کەبــراکەی بەزیندوویی بینــیەوه، ئێســتا مــن پــێم وایە ثــادیۆس شــۆڵتۆ بــراکەی خــۆی کوشــتووه. دواتر لەگەڵ خشڵەکان ڕایکردووه.

ثادیۆس بەگریانەوه گوتی:- نا، نا، نا، نەخێر وانیە!

هــۆڵمز :- ئەی چــی دەربــارەی دڕکە شــەهراوییەکەی سەرپێستی؟ ئەی هێمای چوار؟

جــۆنز:- دڕکەکە هــی ثادیۆســە، پــێم وانــیە کــاغەزەکە زۆر گرنــگ بێــت، لەوەیە فێڵێــک بێــت. بۆســتە کەمێــک، ئەوە چیــیە لەوســەرەوە چاڵێــک ئەبینــیم ، ئەبێ چاوێکی لێکەم.

پشــکنەر جــۆنز بەخێرایــی بەســەر پلیکانەکانــدا ســەرکەوت، هەنگاوەکانیمــان لەژورەکە دەبیســت دەهاتوو دەچوو، دواتر هاتە خوارەوه.

هــاواری کــردوو گــوتی:- مــن ئێســتا هەمــوو شــتێک دەزانــم. دەرگــایەکم دۆزیــیەوه لەســەقفەکەوەیە لەڕوی دەرەوەوه، بەم جۆره ثادیۆس ڕایکردووه.

هۆڵمز:- بەڵام شوێن پێیی..................

پشــکنەر جــۆنز هــیچ گــوێی نەدەگــرت، تێبینــی شــوێن پێــیە بچوکەکــانی نەکردبــوو. ڕووی لەثــادیۆس کــرد، ئەو پیاوه بێچاره دەلەرزی.

پشــکنەر جــۆنز:- بەڕێــز ثــادیۆس شــۆڵتۆ بەتــۆمەتی کوشتنی براکەت دەستگیرت دەکەم.

ثــادیۆس:- وام نەکــردووه! تکــایە بەڕێــز هــۆڵمز بــڕوام پێ بکە!

هـــۆڵمز:- نـــیگەران مەبە بەڕێـــز شـــۆڵتۆ، دەزانـــم براکەتت نەکوشتوە. بکوژەکە دەدۆزمەوە.

پشـــــکنەر جـــۆنز بەتـــــورەییەوە ئـــــاوڕی دایەوە بۆشـــیرلۆک گـــوتی:- گـــوێبگرە بەڕێـــز شـــێرلۆک، ئەمە کـــاری پۆلیســـە هـــیچ شـــتێک نـــیە تـــاتۆ بـــیکەی، شـــەو شاد، پیاوی خانەدان.

پشـــکنەر جـۆنز ثـــادیۆس شـۆڵتۆی بـــرد، دوای کەمێـــک دووبارە ماڵەکە بێدەنگ بوو.

## ئەوسەگەی حەزی لەشلەی زەیتە.

هــۆڵمز:- پــۆلیس یــارمەتی منیــان ناوێــت واطســۆن، پشـــــکنەر جـــۆنز پێـــی وایە بکـــوژەکەی گرتـــووە و کەیســـــەکەی چارەســـــەر کـــــردووە بەڵام نازانێـــــت کەسێکی هەڵەی گرتووە.

هــــاوڕابووم لەگەڵ شـــــێرلۆک، دڵنیـــــابوم ثـــــادیۆس بکوژەکە نییە.

هـۆڵمز:- ئەبـــێ خێـــرابین واطســۆن، ئەمەوێ دوو شـــتم بـــۆبکەی، یەکەم خـــاتو مۆرســـتان بـــبەرەوە بـــۆ مـــاڵەوە. دووەم بڕۆبـــۆئەم ناونیشـــانە – ٣ پـــین چـــین لان-. پرســـیاری بەڕێـــز شـــاورومان بـــکە. ســـەگێکی هەیە بەنـــاوی تـــۆبی ئەمەوێ بیهێنـــێ بـــۆئێرە. دوای دوو کاتژمێر لێرە چاومان بەیەک دەکەوێ .

بەگالیســـکەکەی ثـــادیۆس خـــاتو مۆرســـتانم بـــردەووە. دیـــاربو زۆربێتـــاقەت بـــو بەرامـــبەر ئەوڕووداوانە بەکەمـیش قسـەی دەکـرد، بەڵـێنم پێـدا بـۆڕۆژی دواتـر

سەردانی بکەم. دواتر ڕۆشتم بۆئەو ناونیشانەی کەپێی دابووم .

نیوەشەو بوو شەقامەکانی لەندەن بێدەنگ و تاریک بوو. بەگالیسکەکە زۆر ڕۆشتم. لەوماوەیەدا بیرم لەهەموو شتانە دەکردەوە کە ڕویدابوو.

هەندێک ڕاستیمان وەدەست کەوتبوو دەربارەی ڕوداوەکان کە چلۆن ڕویداوە- مردنی کاپتن مۆرستان، ناردنی مرواربیەکان بۆخاتو مۆرستان، نامەکە، هەموو ئەمانە ڕوون بوون، بەڵام چەن شتکی تر هەیە کە ڕوون نیە.

گەنجینە هندییەکە لەکوێیە؟ پلانی دۆزینەوەی کەلوپەلەکانی مۆرستان چییە؟ کێ بارثۆلۆمیۆی بەمردوویی ئەویست؟ پیاوە کورتەباڵاکەو پیاوە قاچ دارینەکە لەکوێن؟ هیواداربووم شێرلۆک وەڵامی پێ بێ بۆ ئەم پرسیارانە.

گەشتمە-پین چین لان- ئەو ناونیشانەی شێرلۆک پێی دابوم، شەقامێکی زۆر هەژارانە بوو ماڵەکەش زۆر کۆنو پیس بوو. ماڵی ژمارە سێم دۆزییەوەو لەدەرگام دا. دوای کەمێک ڕوخسارێک لەپەنجەرەکەوە وەدەرکەوت. ڕوخسارێکی کۆمەڵایەتیانە نەبوو.

پیاوەکە:- تۆکێی ؟ چیتەوێ؟

- وەرە خوارەوە دەرگاکە بکەرەوە؛ ئەمەوی شتێکت لێ بپرسم .
- ئەگەر نەڕۆیت پەنجا سەگت تێ بەردەدەم.

-هاوڕێکەم شێرلۆک...............

لەم قسانەدا بووم پەنجەرەکە داخراو دوای چاوتروکانێک دەرگاکە کرایەوە. پیاوێکی پیری سەرو ڕیش خۆڵەمێشی وەدەرکەوت. مۆمێکی پێ بوو.

- وەرە گەورەم، من بەڕێز شێرمانم، بمبورە بۆبێ ڕێزییەکەم، نەمزانی هاوڕێی شێرۆک هۆلمزی . ڕۆشتمە ژورەوە ماڵێکی بچوکی پیس بوو بەسەرسامییەوە وەستام. قەفەزەی باڵندە هەموو شوێنێکی داگیر کردبوو.



هەمو قەفەزەکان چەندین جۆر ئاژەڵی جیاوازی تێدابوو. بەهۆی مۆمەکەوە چاوە درەوشاوەکانیانم دەبینی.

- بەڕێز شێرلۆك چیەوێت؟

- سەگێک بەناوی تۆبی.
- تـــۆبی باشـــترین ســـەگی مـــنە؛ حەزی لەشـــوێن کەوتنـــی بـــۆنی بەهێـــزە. بەتـــایبەت بـــۆنی شـــلەی زەیت. خوازراوترینە لای.
- لەبەر ئەم هۆیە بەڕێز شێرلۆک ئەیەوێت.
- لێرە چاوەڕێکە ، بۆتی دەهێنمو دەگەڕێمەوە.

پیـــاوە پیـــرەکە دوای چەنـــد خولەکێـــک گەڕایەوە. لەپێشـــەوە ســـەگەکەی ڕادەکێشـــا. ســـەگەکە زۆر ســـەیر دیـاربوو گوێیەکـانی درێـژ بـوون قاچاکانیشـی کـورت بوون. چاوەکانیشی زۆر گەورەو خەمناک بوو.

- ئەمە تـــــۆبییە، لەگەڵـــــت دێـــــت ســـــەگێکی کۆمەڵایەتیە.

**تـــۆبی** کلکـــی بەقاچەکـــانم دەهێنـــاو دەیلێســـامەوە. هەندێک پارەم دابە بەڕێز **شێرمان**و سەگەکەم هێنا.

کاتێـک گەڕامەوە بـۆ **پۆنـد جیـری لـۆدج**، شـێرلۆک لەبەردەم دەرگاکە وەستابوو سەبێلی ئەکێشا.

-زۆرباشـه واطسـۆن، بەباشـی کـاری خـۆت کـرد. چ سەگێکی باشی **تۆبی** وەرە ئێرە **تۆبی** سەگە باشەکە.

هـــۆڵمز دەستەســـڕەکەی لەگیرفـــانی دەرهێنـــاو دای بەلوتی **تۆبی** بۆئەوەی بۆنی بکا.

دەســـتە ســـڕەکەی بەشـــلەی زەیـــت بۆنـــدار کردبـــوو، سەگەکە بەبۆنەکە زۆر بەجۆشو دڵخۆش بوو.

- ئەبینـــی واطســـۆن، چەنـــد حەزی لەو بـــۆنەیە، ئێستا هیچ کێشەیکمان نیە.

هۆڵمز ئاماژەی بۆبۆڕی ئاوەکە کرد.

- کاتێک تۆڕۆشتی ، ڕۆشتمە سەر سەقفەکە بۆئەوەی بزانم چۆن ئەو کورتە باڵایە هاتۆتە سەرەوە وگەشتۆتە دەرگای سەقفەکە دواتریش بێ ئەوەی دەرگای ژورەوە بکاتەوە ڕۆشتۆتە خوارەوە، ببینە ئەو ئەم بۆڕییەی بەکارهێناوە بۆڕیەکە لەسەر سەقفەکە بۆخوارەوە درێژ دەبێتەوە. بەرمیلێکی گەورەی ئاوی لێیە لەخوارەوەی بۆڕییەکە.
بەبۆنەی ئەم بۆڕییەوە هاتۆتە خوارەوە بۆسەر بەرمیلەکە. زۆر ئاسانە شوێن کەوتنی. شوێنەواری لەهەموو شوێنێک بەجێ هێشتوە. ئەمەشی لێکەوتوە.

هۆڵمز لەگیرفانیدا جانتایەکی دروستکراو لە گیایی وشککراو دەرهێنا، سەیری ناوەوەیم کرد لەنێویدا



پێنج بۆشەش دڕکی تێدابوو. هەمان ئەودڕکانە بوو کە بارثۆلۆمیۆی پێ کوژرابوو.

هــــۆڵمز:- بکـــوژەکە ئەمـــانەی لـــێ کەوتـــووە، بـــاهیوابخوازین هیتـــری پـــێ نەبـــێ بمانکوژیـــت. دەســـتیان لـــێ مەدە واطســـۆن ، ئەوانە ژەهـــراوین. بەڵام وەرە **تۆبی** لەکوێیە؟ ئەبێ دەست پێ بکەین؛

هـۆڵمز **تـۆبی** وەک ڕێ نیشـاندەرێک لەپێشـەوە دانـا، پـاڵی بەسـەگەکە نـا بەرەو بەرمـیلەکە **تـۆبی** بەباشـی بـۆنی دەوروبەری کـرد. بـۆنە دڵخـوازەکەی خـۆی دۆزییـەوە بـۆنی شـلەی زەیـت. دەسـتی بەگەڕان کـرد، لەسـەر شـوێن پێیەکـان ڕای کـرد. هـۆڵمزیش هـاواری کردو گوتی:- بابڕۆیـــن.

## ڕاوکردن دەستی پێکرد

**تـۆبی** بە خێرایـی لەنـاو گیـایەکەدا ڕای دەکردئەوەنـدە خێرا بوو شوێن کەوتنی مەحاڵ بوو.

ئاســـمان وردە وردە ڕوونـــاک دەبـــووەوە. **تـــۆبی** بەدرێژایـــی ڕێگـــاکەهەر ڕای دەکـــرد. دواتـــر گەشـــتە لای دیـــواری بـــاخچەکەبەدرێژایی لەتەنیشـــت بـــاخچەکە ڕایـــدەکرد. لەکۆتایـــدا لەشـــوێنێکی دیـــوارەکە وەســـتا خشتەکانی شل بوون.

هـۆڵمز:- لێـرەوە هـاتبونە نـاو بـاخچەکە . زۆر ئاسـانە خۆهەڵواســـینو هـــاتنە خـــوارەوە لێـــرە. بـــڕوانە، ئەوهێمایە دەبینی؟

شوێن دەستی پیاو بوو.

ئامـــاژەی بـــۆبەردێکی لاکێشـــەیی کـــرد. شـــوێن دەستێکی پیس لەسەر ئەم بەردە ئەبینم.

هــــۆڵمز **تــــۆبی** هەڵگرتــــوو بەســــەر دیــــوارەکەدا سەرکەوت . شوێن **تۆبی** کەوتم.

ئەوەندەی نەبرد شوێن پێی دیتەوە دووبارە.



**تــۆبی** نەبەلای ڕاستدا لای دەکــردەوە نەبەلای چەپــدا، تەنهــا ڕاســت دەڕۆشــت. ولــوتی بەزەویــیەکەوە بــوو. ئەوەنــدە حەزی لەوبۆنەبــوو. هــیچ شــتێک نەیــدەتوانی لەشوێن کەوتنی ڕایگریت.

کاتێــک هەر لەڕاکردنــدا بــوین. بیــرم دەکــردەوە ئەگەر چاومــــان پێــــان بکەویــــت چیــــبکەین؟ دڵنیــــام مەترســیدارن. خــۆزگەم دەخواســت دەمــانچەکەم لەگەڵ خۆم بهێنایە.

**تــــۆبی** هێشــــتا بەدوای بــــۆنەکە بــــوو. بەشــــەقامێکی تەســــکدا دەڕۆشــــتین. خەڵکــــی تــــازە بەتــــازە لەخەو هەڵدەســــــتان . پیاوەکــــــان بۆکــــــار دەڕۆشــــــتن. ئافرەتەکـــانیش پەنجەرەکانیـــان دەکـــردەوەو ماڵیـــان خاوێن دەکردەوە.

لەناکاو **تۆبی** بەدەرچەیەکدا دەرۆشتە خوارەوە. دەرچەکە بەرەو ڕوباری **تامس** شۆڕدەبووەوە، ڕووبارەکە لەبەردەم ماننددا بەدیار کەوت **تۆبیش** هەتا لەتوانایدا بوو هەر ڕایدەکرد.

دەرچەکە لەشۆستەیەکی دارینەدا کۆتایی دەهات **( مەبەستی ئەو شۆستانەیە کەبەلەمی لێڕادەیگیرت)**. **تۆبی** وەستا. دەوروبەری خۆی بۆن دەکرد و هەوڵی دەدا بۆنەکە بدۆزێتەوە. بەچاوە خەماوییەکەیەوە چاوێکی لەئێمەکرد نەیدەزانی چی بکا.

هۆڵمز:- لێرە سەر بەلەمێک کەوتون.


لەلای شۆستە دارینەکە ماڵێکی بچوکی لێبوو. ناونیشانی **( مۆردیکاڵ سمیث: بۆبەکرێ دانی بەلەم)**. بەلافیتەیەک هەڵواسرابوو.

لەسەر شۆستەکە هیچ کەسێکی لێنەبوو: چەند بەلەمێکی بچوک لەبەردەم شۆستەکە وەستێنرابوو. بەوردی هۆڵمز سەیری بەلەمەکانی دەکرد.

**هۆڵمز:- ئەپرسم ئەم بەلەمی هەڵمە لەکوێ بێت؟**

---

بەلەمی هەڵمی :- بەلەمێکی سەرنشینی گەورەیە بەهێزی هەڵم کارەکا، بەزۆری لەسەر ڕووبار بەکاردەهێنرێت.



پێموابێت ئەبێ پرسیار بکەین.

بەبەرزی لەدەرگـــای خــانەکەی دەدا. ئافرەتێــک دەرگــاکەی کــردەوە، دەنگــی منــداڵ لەکــونجێکی مــاڵەکەوە دەهــات. ئــافرەتەکە زۆر نــاڕەحەت دیــاربوو دیاربوو لەشتێک سەخڵەتە.

هـــۆڵمز بەڕێــزەوە گــوتی:- بەیانیــت بــاش، تــۆ هاوسەری **مۆردیکاڵ سمیث** یت؟

- بەڵێ، چیتەوێ؟
- تکایە ، ئەتوانم قسە لەگەڵ مێردەکەت بکەم؟
- نــا، نــاتوانی. لێــرە نیــیە. لەدوێنــێ بەیــانییەوە نەمبینیوە.
- ااەەەەەە، ویستم بەلەمێک بەکرێ بگرم .
- لەڕاســتیدا لەوەیە بتــوانم یارمەتیــت بــدەم، کــام بەلەمەت ئەوێ؟
- ئەمەوێ هەڵمییەکە بەکرێ بگرم،

، بیســتومە بەلەمێکــی زۆر چــاکە، نــاوی چییــوو؟ ناوی..........

- ئەرۆرا **( ئەفسانەیەکی رۆمانیە)**. گەورەم.
- ااەەەەەەەە، بەڵــێ ڕاســتە، ئێســتا وەبیــرم هــاتەوە. بەڵام ئــارۆرا لەکــوێیە؟ ســەیری دەوروبەرەکەم هیچ بەلەمێکی هەڵمی لێنیە.
- ئــای گەورەم، مێــردەکەم بەوە ڕۆشــتووە. خــاتوو ســمیث بەگریــانەوە قســەی دەکــرد زۆر لەبیــری ئەو دام، هەرگیــز متمــانەم بەو پیــاوە قــاچ داریــنە نەکرد.

هۆڵمز بەدەنگێکــی سەرسامییەوە گــوتی:- پیاوی قــاچ دارین خاتو **سمیث**؟

- گەورەم نــــازانم کێـــیە. بەڵام دوێنێـــێ بەیـــانی بەئارۆراکە ڕۆشتنو هەتا ئێستا نەگەڕاوەتەوە.




- زۆر بەداخەوەم ئەوە دەبیســـتم خـــاتو ســـمیث، پیاوە قاچ دارینەکە بەتەنها بوو یاننە؟
- نـــازانم گەورەم زۆر تاریـــک بـــوو کـــاتژمێر ســێی بەیانی بوو. ناتوانم دڵنیا بم.

- ئارۆراکە شێوەی چۆنە؟
- ڕەنگی ڕەشە گەورەم، دوو هێڵی سوور لەم لاوکەیدایە، دوکەڵکێشێکی ڕەشیشی تێدایە ئەویش هەر ڕەنگی ڕەشە ئەویش هێڵی سپی پێوەیە، خێراترین بەلەمی ڕووبارەکەیە گەورەم.

هۆڵمز نیگەران دیاربوو.

- زۆر سەرنجڕاکێشە خاتو سمیث، نیگەران مەبە خۆم دەڕۆم بۆسەرەوەی ڕووبارەکە ئەگەر مێردەکەتم بینی پێی دەڵێم کەتۆم بینیوە. ماڵئاوا ، ماڵئاوا زۆر سوپاس خاتو سمیث.

فرمێسکەکانی سڕیو ڕۆشتە ژورەوە.

- واطسۆن هەتا زووە ئەبێ **مۆردیکای سمیث** بدۆزینەوە، سمیث و پیاوە قاچ دارینەکە پێکەوە کاردەکەن، سمیث دوو بکوژی بردووە بۆبەلەمەکە، هەمویان لەکونجێکی ڕووبارەکە خۆیان شاردۆتەوە.
- ئاسانە دۆزینەوەیان، ئەبێ بەپۆلیس بڵێی.

هۆڵمز سەری لەقاندو گوتی:- نا، نامەوێت بزانن کەسێک بەدوایانەوەیە ئەگەر بزانن هەوڵی ڕاکردن دەدەن.

بەڵام بیرۆکەیەکی باشترم هەیە، لەسەرو خواری ڕووبارەکە کارمەندی خۆمم هەیە، پارەیان پێ دەدەم بۆئەوەی زانیاریم بۆبێنن، داوایان لێ دەکەم **سمیث**م بۆبدۆزنەوە، بەڵام تۆماندوو دیاری واطسۆن بابڕۆینە ماڵەوە نانی بەیانی بخۆین.

نزیکـــی **هەشـــتی** بەیـــانی بـــوو زۆر شـــەکەتبووم، دڵخۆش بووم بەگەڕانەوەم بۆشەقامی بەیکەر.

لەکاتێکـدا گەرمـاوم کـردو **جلەکـانم** گـۆڕی هـۆڵمز خەریکـی خـواردنەوەی قـاوەو خوێنـدنەوەی ڕۆژنـامە بوو.

- سـەیرکە واطسـۆن، ئەوە ڕاپـۆرتێکە دەربـارەی کوشـتنی **بـارثۆلۆمیۆو** دەسـتگیرکردنی **ثـادیۆس** لەلایەن لێکۆڵەر **جۆنزەوە**.

ڕۆژنـامەکەم لەدەسـتی شـێرلۆک بـردوو خوێنـدمەوە هەستم بەداخ دەکرد دەربارەی **ثادیۆس شۆڵتۆوە**.

لێکـۆڵەر **جـۆنز** بەگرتنـی ئەو هەڵەیەکـی گەورەی کـرد، دەمزانـی ئەو بەرپـرس نـیە لەکوشـتنی بـراکەی، هیـوامە خواسـت بتـوانین یـارمەتی بـدەین، بەڵام ئـاخۆ دەتوانین بکوژەکە ئاشکرا بکەین؟

لەپـڕ لەدەرگـا درا، دوای چەنـد خولەکێـک دوانـزە منداڵ خویان بەژووردا کرد.



جلەکانیان شڕو پیس بوون، پێڵاویشیان لەپێ نەبوو، قژیان دانەهێنرابوو دیاربوو ماوەیەکی درێژیش بوو ئاو بەر ڕوخساریان نەکەوتبوو، بەڵام دڵخۆشو وریا دیاربوون.

منداڵەکان پێکەوە گوتیان:- بەیانیت باش بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز.

بەسەرسامییەوە گوتم:- ئەمانە کێن شێرلۆک؟

شێرلۆک دای لەقاقای پێکەنینو گوتی:- ئەوانە کارمەندەکانمن، نامەم بۆناردن بێن بۆئێرە، سەیریان کە ئەتوانن بۆهەموو شوێنێک بڕۆن کەبیانەوێ هەرچیان بوێت دەتوانن ببیستن هیچ کەس گومانیان لێ ناکا.

هۆڵمز پارەی بەهەر یەک لەمنداڵەکان داو پێی گوتن چی لێیان دەوێ.

- ئەبێ بەلەمێکی هەڵمی بدۆزنەوە، ناوی ئارۆرایە، لەشوێنێکی ڕوبارەکەیە خاوەنەکەی **مۆردیکای سمیثە**، ئارۆرا ڕەشەو دووخەتی سپی بەم لاو لایەتی دوکەڵکێشێکی ڕەشی لێیە خەتی سپی پێوەیە، ئەبێ هەر ئێستا بیدۆزنەوە.

منداڵەکان بەڕاکردن ژورەکەیان چۆڵکردو ڕۆشتن، کاتێک بەپلیکانەکاندا ڕۆشتنە خوارەوە ورتە ورتیان بوو.

هۆڵمز:- کارمەندەکانم دەیدۆزنەوە ، ئێستا ئەبێ تەنها چاوەڕێ بکەین.

# لێکۆڵەر جۆنز و بروسکەیەک

بەدرێژایـــــی شــــەو نەخەوتبـــوین زۆر مانــــدوو شـــەکەتبووم، دوای نیــوەڕۆ هەســـتام، هەســـتێکی باشــنرم هەبــوو، ڕۆشــتمە خــوارەوە هــۆڵمز کتێبـــی دەخوێندەوە نیگەران دیاربوو.

- هیچ هەواڵێک هەیە؟
- هـــیچ، هـــیچ شـــتێک هەر نـــیە، زۆر بێهیـــوام واطســـۆن، کارمەنـــدەکانم ئاگاداریـــان کـــردمەوە ناتوانن هیچ شتێکیان دەسبکەوێ.
- ئەتوانم یارمەتیت بدەم؟
- هیچ.
- تـــــۆبی ئەبەمەوە مـــــــاڵەوە ، ئینجـــــــا دەڕۆم بۆســەردانی خــاتو مۆرســتانو هەمــوو شــتێکی پــێ دەڵێم.

ڕۆشـــتم بۆمـــاڵەکەی خـــاتو مۆرســـتان، زۆر دڵخـــۆش دیـــاربوو بەبینیـــنم ، پـــێم گـــوت هێشـــتا گەنجیـــنەکە نەدۆزراوەتەوە. بەم هەواڵە هـــــیچ تێـــــک نەچـــــوو، لەهەمـــان کاتـــدا ســـەرم ســـوڕمابو وەدڵخۆشـــیش بـــوم بەوە، ماڵئـــــاوایم لێکـــــردوو گەڕامەوە بۆشــــــەقامی بەیکەر.

ڕۆشـــتمە ســـەر جـــێگەکەم بەڵام خەوم لێـــنکەوت، بیـــرم لەخـــاتوو مۆرســـــتان دەکـــــردەوە، ئەمویســـــت داوای هاوســــەرگیری لێـــبکەم ، بەدرێژایـــــی شــــەو گـــــوێم لەهـــاتوچۆی هۆڵمزبـــوو لەژورەکەی، بەیـــانی ڕۆژی دواتر زۆر ماندوو نەخۆش دیاربوو.

بەخێرایـــــی گـــــوتی:- کارمەنــــــدەکانم نــــــاتوانن بیانــدۆزنەوە، هەمــوو ڕوبـــارەکە گەڕاون بەڵام نەیــان تــوانی ئــارۆرا بــدۆزنەوە، بەدرێژایـــی ڕۆژ بەهیــوای هەواڵێــک بـــوو بەڵام بـــیجگە لەچـــاوەڕوانی هیچـــی تری دەسنەکەوت.

ڕۆژی دواتــر زوو هەســتام، هێشــتا تاریــک بــوو زۆر پەشــۆکام چــونکە شـێرلۆک لەســەر ســەرم وەسـتابوو، جلی دەرەوەی لەبەرا بوو.

- بیــــــرۆکەیەکم هەیە واطســــــۆن، خــــــۆم دەڕۆم بۆڕووبـــارەکە لەوەیە شـــتێکم دەســـبکەوێت، تـــۆ لێــرە بمێــنەرەوە لەوەیە نـــامەیەک شــتێک بگـــاتە ئێرە.

بــێ ئەوەی یەک وشـــەی تـــر بڵـــێ ڕۆشــتە دەرەوە. ئەو ڕۆژە کـــــات زۆر بەخــــاوی تێـــــدەپەڕی کتێبیـــــێکم هەڵگـــــرت بیخــــوێنمەوە بەڵام هەرچـــیم دەرکـــــرد نەمتــوانی، هەر بیــرم لە پیــاوە کــورتە بــاڵاکەو پیــاوە قـــاچ داریـــنەکە دەکـــردەوە، ئەوان لەکـــوێن؟ بـــۆچی هـــۆڵمز ناتوانێـــت بیـــان دۆزێـــتەوە؟ نیگەرانـــــی هــاوڕێکەم بــوم، ئەمزانـــی پشــکنەرێکی زیــرەکە بەڵام لەوەیە ئەمجارە نەتوانێت بکوژەکە بگرێت.

کــاتژمێر ســێی دوانیــوەڕۆ، میــوانێکم هــات، لێکــۆڵەر **جـۆنز** بــوو، سەرســامبوم، لێکــۆڵەر **جــۆنز** بەتەواوی گۆڕدرابـــوو، دوو ڕۆژ پــێش ئێســتا زۆر بـــێ ئــابڕوانە بـــوو بەرامـــبەر هـــۆڵمز، یـــارمەتی ئەوی نەئەویســـت ، کەچی ئێستا زۆر کپو بەڕێز بوو.

لێکـۆڵەر جـۆنز:- بەیانیـت بــاش بەڕێـز **واطسـۆن**، پـێم وابێـــــت هەڵەیەکـــــی گەورەم کـــــردووە، ڕێـــــگەم

*به**ثادیۆس** دا بڕوات، **شۆڵتۆ** ئەوەی بۆسەلماندم لەودەمەی براکەی مردووە ئەو لەماڵی هاوڕێیەکی بووە.*

*لێکۆڵەر **جۆنز** زۆر خەمبار بوو کاتێک بەبەزییەوە سەیرم دەکرد.*

*- بروسکەیەکم لەشێرلۆکەوە پێگەشتوە، ئەوەتا سەیرکە.*



*بروسکەکەم لەدەستی بردوو خوێندمەوە:*

*لێکۆڵەر **جۆنز**- بۆجارێکیش بوبێت بڕۆ بۆشەقامی بەیکەر لەوێدا چاوەڕێم بکە، دەزانم بکوژەکەی **شۆڵتۆ** لەکوێ خۆی شاردۆتەوە، ئەگەر دەتەوێت دەسگیریان بکەی ئەمشەو لەگەڵمان وەرە.*

*هۆلمز.*

هاوارم کردوو گوتم :- زۆر چاکە، لێکۆڵەر **جۆنز** نیگەرانی **ثادیۆس** مەبە، بەمزوانە بەندکراوی دیکەت دەبێ.

لەوساتەدا شێرلۆک خۆی لەژورەوە ناو ڕوخساری بەپێکەنین گەشبوو.

پێکەوە هاوارمان کردوو گوتمان:- هیچ هەیە؟

هۆڵمز:- ئەزانم ئارۆرا لەکوێیە؟ بەهیچ شێوەیەک لەسەر ڕووبارەکە نەبووە، بۆماوەی دوو ڕۆژ لەمەیدانی بەلەمەکان نزیک ڕووبارەکە حەشاردرابوو یەکسەر بەلەمەکەم ناسییەوە.

سمیث یش خاوەنەکەی ئەویش لەوێ بوو، بەدەنگێکی بەرز بەکەسێکی دیکەی دەگوت ئەبێ ئارۆراکە بۆهەشتی شەو ئامادە بێت، دەڕۆشتن بەرەو ئەمریکا، لەدەرەوەی ڕووبارەکە کەشتیەکە چاوەڕێیان بوو نەئەبوایە دوابکەوتنایە.

دەزانم ئەیانەوێ چی بکەنو ئێمەش ئەبێ چی بکەین، لێکۆڵەر **جۆنز** یارمەتیم دەدەی؟

لێکۆڵەر **جۆنز** بەخەمبارییەوە گوتی:- پێشتر تۆڕاستتدەکرد منیش هەڵەبووم، ئەوکات گوێم لەتۆ نەگرت بەڵام ئێستا یارمەتیت دەدەم.

- چاکە، پێویستیمان بەبەلەمێکی هەڵمی پۆلیسە زۆر خێرابێت خێراتر لەئارۆراکە، ئەبێ ئەم ئێوارەیە ئامادەبێت لەگەڵ دووبۆسێ پیاوی پۆلیسی بەهێز.

لێکۆڵەر جۆنز:- خەمت نەبێ؟ هەمووی ڕێکەخم.

هـۆڵمز:- نایـابە، ئەمشـەو هەر سـێیەکمان منـو تـۆو د.واطسـۆن- لەسـەر بەلەمـی پـۆلیس ئەبـین، کـاتژمێر هەشـت لەدەرەوەی مەیـدانی بەلەمەکـان چاوەڕێیـان ئەبـین، لەچـاوەڕوانی ئـارۆرادا ئەبـین، بکوژەکـان دەگرینو گەنجینەکەش دەگەڕێنینەوە.

## ڕاونان لەسەر ڕووبارەکە

کـاتژمێر حەوتـی ئەوئێـوارەیە هەرسـێیەکمان لەخـوارەوەی ڕووبـارەکە بـوین، منـو شـێرلۆک چەکمان هەڵگرتبوو.

لێکـۆڵەر جـۆنز ڕێـگەی پێـداین ئـێمە بەلەمە بەڕێـوەبەین، بەلەمەکە لەچاوەڕوانیـدا بـوو، چـوار پیاوی بەهێزیش لەمەیدانی بەلەمەکە بوون.

بەخێرایـی ڕۆشـتینە خـوارەوەی ڕووبـاری تـامس، بەلەمـی پۆلیسـەکان زۆر خێرابـوو، ئەوەنـدە خێرابـوو بەبـێ هـیچ ئاسـتەنگییەک پـێش هەمـوو ئەو بەلەمـانەی دایەوە کەلەسـەر ڕووبـارەکە بـوون، شـێرلۆک بەمە زۆر دڵخۆش بوو.

بەلەمێـــک لەمەیـــدانی بەلەمەکــان وەدەرکەوت، بەلەمێکـی ڕەش بـوو لەگەڵ دووخەتـی سـور بەمـلاو لایدا، زۆر بەخێرایی دەجولایەوە.

هـۆڵمز هـاواری کـردوو گـوتی:- ئەوە ئـارۆرایە، بەخێرایـی شـوێنی کەون! خێراتـر، خێراتر!ئەبـێ بیـان گرین!

*ئەوەنـــــدە خێرابـــــووین بەلەمەکەمـــــان کەوتە لەرزە، نەمان دەتوانی زیاتر نزیک ببینەوە لەئارۆرا.*

*ڕاونـانەکە هەتـا دەهـات بەجـۆش تـر دەبـوو، زوو زوو چاوەکـــانم دادەخســـت، دەمزانـــی دەکێشـــین بەشـــتێکدا، لەکۆتایـدا نزیکـی ئـارۆراکە بـوینەوە لێکـۆڵەر جـۆنز ڕوناکیەکەی ئاڕاستەی ئارۆراکە کرد.*

*لێکـــۆڵەر جـــۆنز:- بوەســـتن! ئـــێمە پۆلیســـین!لەڕوناکیەکەدا دەمـــانتوانی هەنـــدێک کەس*



لەسەر ئارۆراکە ببینین، پیاوێک لەدواوەی بەلەمە دانیشتبوو، لەتەنیشت ئەودا سێبەرێکی ڕەشی سەیر هەبوو، مۆردیکاڵیشی لێبوو لەسەر بەلەمەکە.

ئەوەندەی لەتوانایدا بوو هەوڵی دەدا مەکینەی بەلەمەکە خێراتر بکات.

لێکۆڵەر جۆنز دووبارە هاواری کردوو گوتی:- بوەستن!

لەپڕ پیاوەکەی دواوە هەستا، بەتوڕەییەوە هاواری بەسەر ئێمەدا دەکرد، پیاوێکی زەبەلاحی گەورە بوو، تێبینی ئەوەم کرد قاچی ڕاستی ونە، قاچێکی دارین لەجێگەکەی بوو، ئەو پیاوە پیاوە قاچ دارینەکە بوو!

لەکاتی هاوارکردنی ئەودا سێبەرە ڕەشەکەی تەنیشتی دەستی بەجوڵە کرد، پیاوێکی بچوک بوو، بچوکترین پیاو هەتا ئێستا دیبێتم، پیاوە کورتەباڵاکە بوو بەڵام سەری گەورەتر بوو لەجەستەی، تفنگەکەی بەرەو ڕووی ئێمە کرد منیش هەمان شتم کرد.

هۆڵمز:- ئەگەر دەستی جوڵاند تەقەی لێبکە.

لەوکاتەدا پیاوە کورتە باڵاکە چەند پارچە دارێکی بچوکی لەدەمی دانا....

چەکەکانمان ڕووبەری یەکدی کردبووەوە، کورتە باڵاکە بەهاوارکردنێکی ترسناکەوە کەوتە ڕوبارەکەوە.

پیاوە قاچ دارینەکە ئارۆراکەی سوڕاندەوە بەرەو ڕۆخی ڕۆبارەکە، هەر زوو ئەوەندەی نەبرد گەشتە

ڕۆخی ڕۆبارەکە، بازی دایە خوارەوە، ئەوەندە بەخێرایی ڕویدا نەماندەتوانی بەلەمەکەمان بسوڕێنینو بیوەستێنین، پیاوەکە لەسەر زەویەکە نیشتەوە سەر قوڕە تەڕەکەی ڕوبارەکە، بەڵام قاچە دارینەکە لەناو قوڕکە گیر ببوو نەیدەتوانی بیجوڵێنێ.

بەلەمەکەمان سوڕاندەوەو گەشتینە لای پیاوە قاچ دارینەکە، گوریسێکمان بۆ هەڵداو ڕامان کێشایە ناو بەلەمەکەی خۆمانەوە.

سمیث لەسەر بەلەمەکە بوو هیچ هەوڵی ڕاکردنی نەئەدا، ئارۆراکەمان بەرەو لای خۆمان ڕاکێشا، ڕاوە دوونانەکە کۆتایی هات.

سندوقێکی قورس لەسەر کەشتیەکە بوو دڵنیابوین ئەوە گەنجینەکەی ئارۆرایە، سندوقەکەمان گواستەوە بۆ بەلەمەکەی خۆمان.

لەپڕ هۆڵمز وەستا ئاماژەیەکی بۆکرد.

هۆڵمز:- بڕوانە.

سەیری ئەوشوێنەم کرد کەهۆڵمز ئاماژەی بۆکرد، یەکێک لەدڕکە ژەهراویەکانی کورتەباڵاکەم بینی.

لەئەو دارە جێگیر کرابوو کەمنو هۆڵمزی لێ وەستا بوین، دڕکە ژەهراوییەکە لەنێوان منو هۆڵمزدا بۆی دەرچوو.

هۆڵمز پێدەکەنی بەڵام من تۆقیوبووم، لەمردنێکی ترسناک ڕزگارمان بوو.

کاتێک گەڕاینەوەبۆ ڕوبارەکە ڕوناکیەکەمان ئاراستەی ئاوەکە کرد، بەدوای جەستەی

*کورتەبـــاڵاکە دەگەڕایـــن بەڵام هـــیچ شـــتێکمان نەدۆزییەوە، جەستەکە هێشتا لەناو ڕووبارەکە بوو.*

## *گەنجینەکە ونبوو*

*پیـــاوە قـــاچ دارێـــنەکە لەبەرامـــبەر ســـندوقەکە دانیشتبوو.*

*تەمەنـــی نزیکـــی پەنجـــا دەبـــوو، ڕیشـــو پرچێکـــی پـــڕی ڕەشـــی هەبـــوو، تـــورە دیـــاربوو، دەرەکەوت هـــیچ شتێکی تری بەلاوە گرنگ نییە.*

*شێرلۆك:- ناوت چییە؟*

- *جۆناثان سمۆڵ.*
- *جۆناثـــان ســـمۆڵ؛ ئەو پـــارچە کـــاغەزەی کەلە شـــتومەکەکانی کـــاپتن مۆرســـتان دۆزیـــیەوە دەری هێنـــا، خوێنـــدییەوە:( جۆناثـــان ســـمۆڵ، محمـــد ســـینگ، عەبـدوڵا خـــان، دۆسـت ئەکـبەر، هێمـای چوار).*
- *ئەو کاغەزەم بەرێ.*

*هۆڵمز پێی دا.*

*پیـاوەکە:- بەڵـێ، مـن یەکـێکم لەهێمـای چـوار، ئەوە پیلانـــی قەڵای ئەگـــرایە لەهینـــد، مـــن و هاوڕێکـــانم چەنـــدین ســـاڵ پـــێش ئێســـتا گەنجیـــنەی ئەگرامـــان دۆزیـــیەوە، ئەمشـــەو گەنجیـــنەکەم لەدەســـت داو تـــۆش هـــاوڕێکەتم کوشـــت، تۆنگـــا، هـــیچ بەداخ نـــیم بـــۆمردنی*

شـــۆڵتۆو كـــوڕەكەی، بـــۆ هیچ شـــتێک بەداخنـــیم، هەرچییەكیشت پێ خۆشە ئەتوانی بیكەی.

هـۆڵمز :- دواتـر بەسـەرهاتی خۆتمـان پـێ بڵـێ، بەڵام سـەرەتا، واطسـۆن گەنجیـنەكە بـبەرەوە بۆخـاتو مۆرستان؟

واطسۆن:- دڵخۆشەبم بەوە.

بەڵام ڕاستییەكەم پـێ نەگـوتن، نەمەویسـت گەنجینەكە بـبەم بۆخـاتو مۆرسـتان، نەمەویسـت ببێـتە خـانمێكی خانەدان.

هـۆڵمز:- منـو لێكـۆڵەر جـۆنزیش بەنـدكراوەكە دەبەیـن بۆشەقامی بەیكەر، لەوێ دەتبینیەوە.

هـــۆڵمز ئـــاوڕی دایەوە بەرەو جۆناثـــان و گـــوتی:- بەڵام كلیلی سندوقەكە لەكوێیە؟

- لەقوڵایی ڕووبارەكە.

جـۆنز بەتـوڕەییەوە هـاواری كـردوو گـوتی:- بـۆچی فڕەت دا؟ كارەكەت ئەستەم تر كرد بوئێمە.

جۆناثـان هـیچ قسـەی نەدەكـرد، هـیچ بەلایەوە گرنـگ نەبوو جۆنز چییەڵێ.

كاتێـک گەشـتینە شۆسـتە دارینـەكە، لەگەڵ گەنجیـنەكە دابەزیـم، گالیسـكەیەكم دۆزیـیەوەو ڕۆشـتم بۆمـاڵی خـاتو مۆرسـتان، خـاتو مۆرسـتان لەتەنیشـت پەنـجەرەكە دانیشـتبوو، پرچەكـانی لەبەردەم ڕوناكییەكە دەدرەوشایەوە.

كاتێـک منـی بینـی گـوتی:- چەنـد دڵخۆشـم بەبینینـت، هیچ هەواڵێک هەیە؟

- لەهەواڵ باشترم بۆ هێناوی، گەنجینەکەی ئەگرام بۆ هێناوی.

سندوقەکەم لەسەر مێزەکە دانا، بەڵام خاتو مۆرستان دڵخۆش دیارنەبوو.

- کەواتە ئەمە گەنجینە گەورەکەی ئەگرایە؟

- بەڵێ، نیوەی هی تۆیەو نیوەشی موڵکی ثادیۆس شۆڵتۆیە، لەبارەی ڕاوەدونانەکەی ڕووباری تامسو کورتەباڵاکەو دەستگیرکردنی جۆناثان هەمویم بۆگێڕایەوە.

- چەند بوێری، نەمزانی لەمەترسییەکی واسامناک بویت.

- ئێستا تەواوبووە، باسندوقەکە بکەینەوە، کلیل نیە، چۆن بیکەینەوە؟



خاتو مۆرستان ڕۆشتو بەتوڵێکی کانزای گەڕایەوە تولە کانزاییەکەم لێ سەندوولە ژێر لێواری سندوقەکەم نا. سوڕاندمەوەو سندوقەکە کرایەوە،

دەستەکانم دەلەرزی، بەیەکەوە سەیری ناوەوەی سندوقەکەمان کرد، دواتر بەسەرسامییەوە سەیری یەکدیمان دەکرد! سندوقەکە بەتاڵ بوو!

سندوقەکە لەئاسنی زۆر ئەستور دروستکرابوو، بۆیە ئەوەندە قورس بوو.

ماری:- گەنجینەکە ونبوو.

- سوپاس بۆخودا.
- بۆچی ئەڵێی سوپاس بۆخودا؟
- لەبەرئەوەی ئێستا دەتوانم داوای هاوسەرگیریت لێبکەم.

دەستەکانیم گرتوو گوتم:- لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت، ماری، تۆنابیتە خانمێکی خانەدان، ئێستا دەتوانم هەستی خۆمت پێ بڵێم، بۆیە گوتم سوپاس بۆخودا.

بەچپەییەکەوە گوتی :- منیش دەڵێم سوپاس بۆخودا.

## هێمای چوار

کاتێک گەڕامەوە بۆشەقامی بەیکەر، هۆڵمزو لێکۆڵەر جۆنزو بەندکراوەکە چاوەڕوانی من بوون، گەنجینە بەتاڵەکەم پێ پیشان دان، جۆناثان دەستی کرد بەپێکەنین.

جۆنز بەتوڕەییەوە گوتی:- گەنجینەکە لەکوێیە جۆناثان؟

- گەنجینەکە موڵکی هێمای چوارە کەس بۆی نیە بیبا، هەمویم فڕە دایە ناو ڕووبارەکە.

هەموومـــان بەسەرســـامییەوە وەســـتاین، گەنجیـــنە گەورەکەی ئەگرا بۆ هەمیشە نەما.

جۆناثـــان:- گەنجینـــە بـــێ بەخـــتەکەی ئەگرا، هەرگیـــز خۆشـــبەختی بـــۆکەس نەهێنـــا، مردنـــی بۆکـــاپتن مۆرســـتان هێنـــاو ترســـو هەســـتکردن بەتـــاوان بۆشـــۆڵتۆو هۆکـــارێکیش بۆکـــوژرانی کـــوڕەکەی شـــۆڵتۆ، بۆمنـــو ئەنـــدامەکانی دیـــکەی هێمـــای چـــواریش زیندانی هەتاهەتایی.

شـــێرلۆك:- پێویســـتە بەســـەرهاتی خۆتمـــان پـــێ بڵێـــی، مەبەستت لە هێمای چوار چییە؟

جۆناثـــان دەســـتی بەگێـــڕانەوەی بەســـەرهاتەکەی کردوو ئێمەش گوێمان بۆدەگرت.

- وەکـو سـەربازی سـوپای بەریتانیـا ڕۆشـتم بۆهینـد، ڕۆژێـک دوای ئەوەی گەشـتم توشـی ڕوداوێـک بومـو یەکێـک لەقاچەکـانم لەدەسـتدا، دوای ئەوە نەمتـوانی بجەنگـم، دواتـر جەنگێکـی زۆر خـراپ لەنێـوان هینـدەکانو بەریتانیەکانـدا ڕوویـدا، هەمـوو بەریتانیەکـــان لەنـــاو قەڵای ئەگـــرا خۆیـــان حەشـــاردابوو، دیـــواری قەڵاکە ئەوەنـــدە ئەســـتور بوو هیندەکانی نەیان دەتوانی پێمان بگەن.

لەگەڵ ســـێ هـــاوڕێی هینـــدیم کەبـــۆ ســـوپای بەریتانیـــا دەجەنگـــان ڕۆشـــتنیە نـــاو قەڵاکە، ئەو ســـێ پیـــاوە ســـێ ئەنـــدامەکەی دیـــکەی هێمـــای چواربـــوون، کاتێـــک لەقەڵای ئەگـــرا بـــووین چیرۆکێکـــــی ســـــەیرمان بیســـــت، لەبـــارەی گەنجینەیەکـــــــی گەورە بـــــــوو کەلە قەڵاکە شـــاردرابووەو بۆچەنـــدین ســـاڵ، لەیەکێـــک

لەڕۆژەکــان گەنیجەنەکەمــان لە ژورێکــی نهێنیــی لەژێر زەوییەکە دۆزییەوە.

سەرســـامبوین بەوەی کەدۆزیمـــانەوە، هەرگیـــز ئەوەنــدە حشــڵی جوانمــان نەدیبــوو، بڕیارمانــدا هــیچ شــێک بەهــیچ کەســێک نەڵێــین، توانیمــان گەنجیــنەکە لەگەڵ حۆمان ببەین.



بــوین بەهێمــای چــوار، بەڵام بەوشــێوەیە نەڕۆشــت کەدەمانویســـــت، دوو ســـــەربازی بەریتـــانی لەجەنـــگەکەدا کوژرابـــوون، ئـــێمە نەمـــان کوشـــتبوون بەڵام وەکـــو بکـــوژ نێـــردراین بـــۆ دورگەی ئەندامان.

هـۆڵمز:- لەوێـدا کـاپتن مۆرسـتان و مەیجـۆر شـۆڵتۆت بینـی؟

- بەڵێ، بەرپرسی زیندانیەکە بوون لەوێ، لەبارودۆخێکی ناخۆشدا بووین، دەمانزانی گەنجینەکە لەکوێیە، بەڵام نەمان دەتوانی بڕۆینو بیهێنین، ئێمە زیندانی بوین، دەشترساین کەسێکی دیکە بیدۆزێتەوە، نەمان دەزانی چی بکەین، لەکۆتایدا بەکاپتن مۆرستانو مەیجۆر شۆڵتۆمان گوت، داوامان لێکردن یارمەتی هەر چوارمان بدەن بۆئەوەی ڕابکەین، کاتێک ئازاد بین گەنجینەکەیان لەگەڵ بەش دەکەین، بەڵام شۆڵتۆ گوتی کەبڕوامان پێ ناکا، دەیگوت نازانێت ئاخۆ ڕاستی دەڵێین یاخود نا، ئاخۆ گەنجینەکە لەوێ دەبێ یاخود نا، گوتی کەدەڕۆم بۆهیند، ئەگەر گەنجینەکەی دۆزیەوە دەگەڕێتەوە و یارمەتیمان دەدا بۆئەوەی ڕابکەین، شۆڵتۆ داوای لێکردین پلانی قەڵای ئەگرای پێ بدەین، نەم دەویست پێی بدەم بڕوام پێ نەدەکرد، بڕیارمان دا پیلانەکەیان پێ بدەین، شۆڵتۆ ڕۆشت بۆهیند بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە، گەنجینەکەی دۆزیەوەو گەڕابویەوە بۆ ئینگلتەرا، دزی لەهێمای چوارو هاوڕێکەشی کرد، بڕیارم دا تۆڵە لەشۆڵتۆ بکەمەوە.

جۆناثان بۆماوەیەک بێدەنگ بوو، بیری لەوە دەکردەوە شۆڵتۆ چی کردووە بەرامبەری، دواتر بەردەوام بوو لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی.

- هاوڕێییەتیم لەگەڵ زیندانی کراوێکی دیکەی ئەندامان دروستکرد، هەمویان کورتە باڵا بوون، زۆر بچوک بوون، بەڵام بوێر بوون.

یەکێک لەڕۆژەکان کورتە باڵایەکم لەژێر دارەکان دۆزییەوە نەخۆش بوو، ئاگاداری تەندروستی ئەوبووم هەتا ئەوکاتەی چاکبوەوە، بویە هاوڕێم ناوی تۆنگا بوو.
بەیارمەتی تۆنگا پێکەوە لەدورگەکە هەڵهاتین، بەلەمێکی بچوکی هەبوو، لەیەکێک لەشەوە تاریکەکان خواردنمان لەبەلەمەکە کردوو هەڵهاتین لەدورگەکە.

هۆڵمز بەئاگاییەوە گوێی لەبەسەرهاتەکە دەگرتو گوتی:- ئێستا تێگەشتم، ئەو نامەی بەشۆڵتو گەشتبوو دەربارەی هەڵهاتنی تۆبوە، ئەوەش ئەوی هەتا مردن تۆقاندنبوو.

- لەکۆتایدا منو تۆنگا گەشتنیە لەندەن بەڵام درەنگ کەوتین بۆ تۆڵەکردنەوە، شۆڵتۆ لەسەرە مەرگ بوو، لەپەنجەرەکەوە منی بینی، ئەو شەوە ڕۆشتمە ژورەکەیو نامەیەکم جێ هێشت، لەهێمای چوارەوەبوو.
منو تۆنگا بۆماوەی شەش ساڵ چاوەڕێ بوین، بەوردی چاودێری پۆندجیری لۆدج مان دەکرد، هەرکە بارثۆلۆمیۆ گەنجینەکەی دۆزییەوە ڕاستەوخۆ هەستمان پێکرد، بەیارمەتی تۆنگا ڕۆشتمە ژورەوە، تۆنگا بەدڕکێکی ژەهراوی کوشتی و گەنجینەکەمان بردو نامەیەکمان جێ هێشت.
پارەم دا بەسمیث بۆئەوەی بمانبات بۆکەشتیەکە، پیلانمان دانابوو بڕۆین بۆئەمریکا، بەڵام ئێستا شتەکان گۆڕاون تۆنگا

مـــــردووەو منــــــیش بەنــــــدکراوی ئێـــــوەم و گەنجینەکەی ئەگراش بۆهەمیشە نەما.

بێـدەنگ بـوین، بیرمـان لەگەنجیـنە گەورەکە دەکـردەوە لەقـــوڵایی دەریـــاکە، لەوەیە واباشـــتر بێـــت هەر لەوێ بێت.

هـــۆڵمز:- د. واطســـۆن، کاتێـــک لێکـــۆڵەر جـــۆنز جۆناثان ئەبات، ئەبێتە کۆتایی سەرکێشییەکەی ئێمە.

- بەڵـــێ، بەڵام شـتێکی گـرنگم هەیە پێتـی بڵـێم، منــو خاتو ماری هاوسەرگیری دەکەین.

- هەواڵێکـــی زۆر خۆشـــە، لەکۆتایـدا گەنجیـنەکەی ئەگرا خۆشی بۆکەسێک هێنا.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ




کتێبخانەی ( PDF )

Public group · 90K Members